# لێکدانەوەی چەمکی میتۆد لە فەلسەفەی دیکارتدا

## توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە توێژینەوەی ماستەرنامە لە بواری فەلسەفە

**شەنگار جبار رشید سعید**

shangar.rasheed@univsul.edu.iq

**خوێندکاری ماستەر لە بەشی فەلسەفە و گەشەپێدان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانییە-سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**پ.ی د.بتول رضا عباس**

dr.batool2010@uor.edu.krd

**مامۆستا لە بەشی فەلسەفە و گەشەپێدان، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانییە-سلێمانی، هەرێمی کوردستان.**

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/٢**

**بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٨/١٧**

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵمانداوە شرۆڤەی میتۆد لە فەلسەفەی دیکارتدا بکەین، دیکارت گومانی بەکارهێناوە بۆ میتۆدەکەی، بە مەبەستی پێداچوونەوەی زانیارییەکان و دوورکەوتنەوە لە گومان بۆ ئەوەی بگات بە زانینی ڕاست و ڕوون و پاککردنەوەی ژیر لە کەوتنە هەڵە، گومانەکەی سیناریۆیەکی فیکرییە کە بیرکردنەوە ئاراستە دەکات، ئەوەندە گومان دەکات تا دەگاتە ڕاستی، ئەم جۆرە گومانە بە گومان دەست پێدەکات و بە دڵنیایی کۆتای دێت، لە دیدی دیکارت ئەو میتۆدەی بەکاریان هێناوە گومان بووە، بەڵام گومانێکی ڕەها نەبووە بەڵکو گومانێکی کاتیی بووە مەبەستی گەیشتن بووە بە دڵنیایی، گومان لە پێناو گوماندا نییە بەڵکو لە پێناو گەیشتنە بە دوای گومان کە دڵنیاییە و گەیشتنە بە زانینی ڕاست. دیکارت چوار یاسای داناوە بۆ پەیرەوکردنی و گەیشتن بە ڕاستی ئەو یاسایانەش بریتین لە (یاسای دڵنیایی بوون، یاسای شیکردنەوە، یاسای دارشتن-لێکدان، یاسای پێداچونەوە یان ئامار) ئەم چوار یاسایە لە ڕۆحی زانستی بیرکارییەوە وەرگیراون کە ناسینەوەی ناڕوون ڕەت دەکاتەوە، ئەو میتۆدەی دیکارت دەیەوێت بەشێوەی سیستەم لەوە بکۆڵێتەوە لە ڕووی لۆژیک دەکرێت گومان لە هەموو شتێک بکرێت کە هەمیشە وەک ڕاستی قبوڵمان کردووە، سەرەتا دیکارت گومان لە هەست و ژیر و جیهانی دەرەکی دەکات، پاشان بەرەو دڵنیایی هەنگاو دەنێت، لەسەر ئەو بنەمایەیە کە دەبێت هەموو گومانێکی هەستپێکراو ڕەت بکرێتەوە بە هۆی بیرکردنەوە. کاتێک دیکارت گومانی کرد پاشان بوونی خۆی سەلمان ناسراوە بە (کۆجیتۆ) لەوێوە دەیەوێ بوونی خودا بسەلمێنێت پاشان بوونی جیهانی دەرەوە سێ دڵنیایی چوارچێوەی گشتی تەواوە بۆ ئەوەی وردەکاری فەلسەفەی دیکارتی لە خۆ بگری لە کۆتایدا بوو بە بناغەی فەلسەفەی مۆدێرن. ڕێبازەکەی کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر فەلسەفە و میتۆدی زانستی هەبووە.

**وشە سەرەکییەکان** :- دیکارت، میتۆد، گومان، زانین، هتد...

sjh@univsul.edu.iq

**پێشەکی.**

ڕینی دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠ز) ڕێبازێکی سیستماتیکی بۆ بەدەستهێنانی زانست پەرەپێدا کە بە میتۆدی گومان ناسراوە. دیکارت سەر بە ڕێبازی ژیری بوو، ژیر سەرچاوەی سەرەکی زانینە. گومانی میتۆدی مرۆڤ بە ویستی خۆی گومان دەکات، بە مەبەستی پێداچوونەوەی زانیارییەکان، لایەنە سەرەکییەکانی میتۆدۆلۆژی دیکارت ئەوەیە کە بەردی بناغەی میتۆدەیەکی گومان هەڵنەگر بۆ فەلسەفە دەستەبەر بکات بە گومان دەستی پێکر. بە شێوازی گومان دیکارت بەناوبانگە، بە گومانکردن لەسەر هەموو بیروباوەڕەکانی دەستپێکردووە. ئامانجی ئەوە بوو کە هەر گریمانەیەک لاببات و بناغەیەکی نوێ بۆ زانین دروست بکات، لێرەوە هەنگاو دەنێین بۆ باسکردنی تیۆری زانینی دیکارت، گومانی میتۆدی دیکارت دەچێتە چوارجێوەی تیۆری زانینەوە، بە پرسیارکردن لە هەموو شتێک هەوڵیدا ڕاستییە گوماناوییەکان بدۆزێتەوە. دەتوانرێت هەندێک زانیاری لە ڕێگەی ژیرەوە لە بیرۆکە زگماکییەکانەوە وەربگیرێت، نەک لە ئەزموونی هەستەوەرییەوە، کە جێی متمانە نەبووە. بۆ دیکارت زانینی ڕاستەقینە دەبێت لەسەر بنەمای بیرۆکەی ڕوون و جیاواز بێت، ئەم بیرۆکانە زگماکین و دەتوانرێت لە ڕێگەی ژیرەوە دەستیان پێ بگات، بۆ دیکارت ژیر هۆشیاری و خۆئاگادارییە. بیرکردنەوە بە گەوهەری مرۆڤ دەزانی، توانای بوونی سەربەخۆی لە جەستە هەبێت. بەو ئەنجامەی دەڵێت (Cogito,ergo sum) "من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم" جەختی لەسەر دڵنیایی خودی بیرکەرەوە کردەوە، دیکارت چوار یاسای لە کتێبی "دەربارەی میتۆد"باس کرد کە ئامۆژگاریمان دەکات تەنها ئەو شتانە قبوڵ بکرێت کە بە تەواوی دڵنیایە یان خۆبەخۆیە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١.دەرخستنی گرنگی میتۆد و گومان و میتۆدی گومان.

٢.دەرخستنی گرنگی ڕۆڵی میتۆدی گومان لە کایەی زانست و فەلسەفە.

٣. بۆ زانینی ئەوە ڕێگەیەی کە چۆن گومان بەکارهێنراوە بۆ گەیشتن بە زانینی دڵنیایی و دوور لە گومان. ئەمەش یارمەتیدەرمانە کە هەر شتێک دەیبیستین یان دەیبینین ڕاستەوخۆ باوەڕی پێنەکەین و نەکەوینە ژێر کاریگەری هیچ شتێک بەڵکو سەرەتا هەموو شتێک بخەینە ژێر گومانەوە.

٤. ئاشکراکردنی گرنگی یاساکانی میتۆدی دیکارت، کە کێشە ئاڵۆزەکان شی بکەینەوە بۆ چەند بەشیک بۆ ئەوەی بە ئاسانی لێی تێبگەین، یاخود لە بابەتێکی سادەوە بەرەو ئاڵۆز هەنگاو دەنێن بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی لە بابەتەکە پێداچوونەوە بکەین بۆ زانینی ئەوەی هیچ شتێکمان بیرنەچووە.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لەمانەی خوارەوە:**

١. میتۆد، گومان و گومانی میتۆدی چییە؟

٢. میتۆدی گومان لای دیکارت چییە؟

٣. ئایا گومانەی دیکارت گومانێکی کاتییە یان ڕەهایە؟

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٤. یاساکانی میتۆدی گومان و هەنگاوەکانی میتۆد چین؟ دیکارت چۆن ڕێنمایمان دەکات بۆئەوەی توێژەر نەکەوێتە هەڵەوە؟

٥. دیکارت بۆچی گومانی بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە دڵنیایی؟

٦. گومان چ گرنگییەکی هەیە لە کایەی ژیاندا؟

**گرنگی توێژینەوە:**

بایەخی گومانکردن لە ژیاندا ئەوەیە کە وا لە مرۆڤ دەکات گومان بکات، بەڵام گومانێکی میتۆدی، هەر شتێک کە سەرەتا دێتە بەر چاو بە ڕاستی و ڕەوانی نەزانێت بەڵکو بیخەینە بەردەم گومان بۆ ئەوەی بگەینە دڵنیایی تەواو، گومانەکە بکات بە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانج. چونکە گومان بەرەو زانینی ڕوون و ڕەوان ئاڕاستەمان دەکات بۆ ئەوەی ژیرمان بە دووربێت لە بابەتی ناڕۆشن و ناڕاست کە پێشتر وەرمانگرتووە.

**بەشی یەکەم:- گومانی میتۆدی لە دیدی دیکارت.**

**باسی یەکەم:-کورتەیەک لەسەر وشەی میتۆد و گومان و گومانی میتۆدی.**

میتۆد وەرگێڕانی وشەی (الطریقة) عەرەبی، (Method) ئینگلیزی، (méthodus) [1] یۆنانییە، وشەکە ڕێبازێکە یان ڕێگایە کە (odos) بەرەو (meta)، واتای وشەکە ڕێگا و ڕێکاری لۆژیکی و ژیرییە (روس،٢٠٢٠، ١٨). میتۆد بریتییە لە نزیک بوونەوە، واتە ڕێگای ڕوون و ڕاست بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستی (صلیبا، ١٩٨٢، ٢٠). میتۆد بە شێوەی گشتی لە ڕووی زمانەوە بە مانای ئەو ڕێگایە دێت بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێک یان گەیشتن بە ئەنجامی کارێک دەگیرێتە بەر (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٤٩). ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتە بەر بۆ هەڵبژاردنی ئەو زانیاریانەی کۆیان دەکاتەوە. ئەو شێوازە دیاریکراوەیە کە توێژەر لە خاڵێکەوە دەباتە خاڵێکی تر. واتە کۆمەڵێک هەنگاوی ڕێکخراوە کە بەشدارە لە جێبەجێکردنی توێژینەوەکان بە شێوەیەکی دروست، هەروەها شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی پەیوەستن بە کێشە و ئامانجەکانی توێژینەوەکەیە. شێوازێکی زانستی ڕێکخراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بە واتایەکی تر میتۆد ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤەکان ڕێنمایی دەکات، توێژەر بە بەکارهێنانی بنەماکانی شێوازەکە و توخم و هەنگاوەکانی ئەنجام و ئامانجە خوازراوەکان بەدەست دەهێنێت (عمار، ٢٠١٩، ١١٥). میتۆد شێوازێکە توێژەر پەیڕەوی دەکات، توێژەر دەبێت بە ڕادەی پێویست شوێن یاساکانی میتۆد بکەوێت بۆ ئەوەی بابەتەکان بخوێنێتەوە و کێشەی توێژینەوە چارەسەربکات، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی پیویست.

بەڵام میتۆدناسی (Methodology) بۆچونێکی بەربڵاوە باس لە لێکدانەوەیەکی زانستی دەکات کە لەوێدا چۆنیەتی پرسیار و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە دیاری دەکرێت. میتۆدناسی سەرجەم تێبینیە جیهانییەکان، لۆژیکی نمونەدانان، ستراتیژیەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان، پێوەری هەڵسەنگاندن و چاککردنەوەی چۆنایەتی توێژینەوەکان لە خۆ دەگرێ (محمد، ٢٠١٣، ٢٥٠ ).

گومان بە زمانی ئینگلیزی (Doubt) پێدەوترێت لە وشەی لاتینی (Dubitare) وەرگیراوە، بە زمانی عەرەبی (الشک) ی پێدەوترێت، گومان[2] نەبوونی بڕیارە لە نێوان دوو دژبەر کە هیچ کامیان تا ڕادەی دەرکەوتن دەرناکەون لە هزردا یەکلای ناکرێتەوە. کاتێک گومان ناگاتە پلەیەک ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نیشانە گەلێک هەن کە لە دڵنیاییدا یەکسانن، بەهۆی بوونی یەکسانی لە نێوان دوو دژدا یان نەبوونی هیچ یەکسانییەک (صلیبا، ١٩٨٢، ٧٠٥). وشەی گومان لە دەربڕینی یۆنانی (skeptestai) هاتووە بە مانای تاقیکردنەوەی ورد و هەڵکۆڵین بووە پاشان لەگەڵ کات گەڕایەوە بۆ نکۆڵیکردن لە بەشێک یان تەواوی زانین (صبری، ٢٠١١، ٢٤ ). سەرچاوەی سێیەمی فەلسەفە گومانە، دوای ئەوەی کەسەکە بە سەرسوڕمان ڕازی دەبێت بە زانینی شتەکان یان قسەکانی ئەوانی تر، هەروەها گومان لە بیروبۆچوونە ناکۆکییەکانەوە سەر هەڵدەدات، چونکە ئەو زانیاریانە کەڵەکە دەبێت ئەگەر لێی بکۆڵێتەوە و ڕەخنەی لێبگرێت زۆربەیان لەناو دەچن یان لە یەک جیا دەبنەوە پاشان گومان دەستی بەسەردا دەگرێت بۆیە گومان خۆی زانینە و هیچ مافێکی نییە وە لە گوماندا ژیانێک هەیە بۆ زانین کە نکۆڵی لێدەکرێت گومانی تێدا نییە کە زانیاری ڕاستەقینە هەیە (الفندی، ١٩٨٧، ٥٢). گومان نیشانەی بیرکردنەوەیە وەک دڵنیایی و بیرکردنەوە گەوهەری بوونی مرۆڤە، دڵنیایی[3] لە ژێردا بەستراوەتەوە بە گومان لە بوارە جۆر بە جۆرەکانی بیرکردنەوە، چ ئەرێنی بێت یان نەرێنی (صبری، ٢٠١١، ٢٢). واتە گومان پێچەوانەی دڵنیاییە، گومانکار لە پێگەیەکدا نییە بڕوا بە ئەنجامەکان بکات چونکە لەسەرەتاوە گومان لە تەواوی زانینی بابەتەکە دەکات.

گومانی میتۆدی بریتییە لە میتۆدێک مرۆڤ بە ویستی خۆی دیاریدەکات، بەمەبەستی پێداچونەوە و تاقیکردنەوەی زانیارییەکان و خاوێنکردنەوەی ژیر لە هەموو زانیارییەکی ناڕاست، لەم جۆرە گومانەدا کەسی گوماناوی کار لەسەر بابەتەکەی دەکات وەک ئەوەی هیچ دەربارەی نەزانێ. لەبەر ئەوە ناکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ بۆچون و ڕێبازێک بۆ خۆپاراستن لە هەڵەکردن ئەم میتۆدە باشترین ڕێگایە، هەنگاوێکە بۆ گەیشتن بە ڕاستی یان مسۆگەری، واتە ئامرازە نەک ئامانج. بۆ گەیشتن بە زانینی ڕاست و مسۆگەر مرۆڤ بە ویستی خۆی بەکاری دێنێت. ئەم جۆرە گومانە کەسی گوماناوی بە گومانەوە دەست پێدەکات و بە مسۆگەری کۆتای دێت. بە پێچەوانەی گومانی ڕەها کە بە گومان دەست پێدەکات و بە گومان کۆتای دێت (حسین، ٢٠٢٢، ٤٥،٤٦). گومانی میتۆدی کە پێی دەوترێ گومانی فەلسەفی گومان لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازە بۆ چوونە ناو دڵنیایی.سوکرات یەکەم کەس بوو ئەم شێوازە گومانەی وەک میتۆد پەیرەو کرد بۆ گەیشتن بە دڵنیایی (صبری، ٢٠١١، ٣١). گومانی میتۆدی گومانی بنیاتنەرە بە گومان دەست پێدەکات بە دڵنیایی کۆتای دێت، بەڵام گومانی ڕەها گومانێکی وێرانکەرە گومانی تەواو دەخاتە سەر بابەتەکە، کۆتای گومان دڵنیایی نییە بەڵکو هەر گومانە، واتە بە گومان دەست پێدەکات وە بە گومانیش کۆتای دێت. بۆیە گونجاوترین میتۆد لە توێژینەوە بەکاربێت گومانی میتۆدییە نەک گومانی ڕەها.

sjh@univsul.edu.iq

**باسی دووەم:- گومان لە دیدی دیکارت.**

دیکارت[4] بە (ڕابەری فەلسەفەی مۆدێرن) بەناوبانگە چونکە خاوەنی میتۆدی نوێیە. داهێنانی گەورەی کردووە و تەواوی فەلسەفەکەی لەسەر بنیات ناوە (فضل الله، ١٩٩٩، ١٠٣). گومانی دیکارت کە زۆرجار بە دیکارتیزم (Cartesianisme)[5] ناو دەبرێت، پرۆسەیەکە زانینی لەسەر بنیاتنراوە، کاتێک هەر باوەڕێک بۆچوونێک جێگومانە دەبێت وەلابنرێت، واتە هەرچی ڕاستیی وەبەرهاتووە بخرێتە ژێر گومانەوە، هەموو شتێک دەبێت گومانی لێبکرێت (جەمال،٢٠١٣، ٦). دیکارت بە چەند سیفەتێک دەناسرێتەوە لەوانە دامەزرێنەری فەلسەفەی سەردەمی مۆدێرنە، پێشەنگی تێگەیشتنی زانستییە، خودی فەیلەسوفی ئازادییە (حباج، ٢٠٠٢، ٣٧). لەسەردەمێکدا ژیاوە کە گومانیکی گەورەی پێوە دیاربووە بریتییە لەو بۆچوونەی کە هیچ شتێک بە دڵنیا نەزانێت لە باشترین دۆخدا، هەروەها ئەو سەردەمەی دیکارت تێیدا ژیاوە "سەدەی حەڤدەیەم" بە ڕووداوی گرنگ دیاریکراوە وەک دابەزینی چەمکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ زانین گواستنەوەی وردە وردەی زمانی لاتینی بۆ زمانی ناوخۆی وەک ئامرازی بیرکردنەوەی فەلسەفی (Egiegha, 2009, p. 4).

دیکارت لە کتێبەکانی تێرامان و دەربارەی میتۆد بە ڕوونکردنەوەی میتۆد "میتۆدی کارتیز"ی دەست پیدەکات، بۆ ئەوەی بنەمایەکی پتەوی بۆ فەلسەفە هەبێت، خۆی گومان لە هەموو شتێک بکات کە دەتوانێت گومانی لێبکات. دیکارت بناغەیەکی پتەوی دەستەبەر کرد، دەست دەکات بە دووبارە بنیاتنانەوەی بنەمای زانین، بەم شێوەیە میتۆدی کارتیزی زۆر باش نوێنەرایەتی یەک فەلسەفەی ڕاستەقینە دەکات کە لە پێش پلاتۆن و ئەرستۆ بینیومانە، بەلام دیکارت بە تەواوی گومانی لە هەموو شتێک نەبوو وەک لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە خودا(Russell 1946, 585).

دیکارت لە کتێبی یاساکان [6] بەم شێوەیە پێناسەی میتۆد دەکات و دەڵێت: (من لە میتۆدە وا تێدەگەم کە چەند ڕێساو بنەمایەکی جێگای دڵنیایی و سادە و ساکارن، ئەوەی بە وردی و بە ڕێکو پێکی پەیڕەوی بکات هیچ کات شتێکی هەڵە و چەوت بە ڕاست دانانێت و هیچ کۆششێکی ژیری گیانی بە فیڕۆ نادات، بەڵکو وردە وردە زانینەکەی بەردەوام پتر دەکات بەو زانینە ڕاستانە دەگات کە توانای پێگەیشتنیان هەیە) (Descartes, 1996, p. 79) کاتی مرۆڤ پەیڕەوی میتۆدە بکات لە بڕیاری بە پەلە و تەفرە چوون دەپارێزێت. جۆرە گومانکردنێکە مەرجی پێویستە لە گەیشتنە ڕاستی و دوور لە هەڵەشەی و هەڕەمەکی. ژیر بە پشت بەستن بە بنەمای زانست لە گومانەوە هەنگاو بەرەو دڵنیایی دەنێت (عزیز، ٢٠١١، ٧٧).

دیکارت گوماناوی بە بەهێزتر پێشکەش دەکات بە تێڕوانینی گوماناوی بەناوبانگە ئەو شتانە دەخاتە ڕوو کە دەیەوێت هەموو بیروباوەڕی پێش خۆی لا ببات، هەموو شتێک کە پێشتر باوەڕی پێی هەبوو تەنانەت بە بەخشینی وەریدەگرێتەوە، ئەمە یەکەم هەنگاوە لە پرۆژەیەکی فراوانتر کە دیکارت تیایدا هەوڵدەدات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی زانین (Greco 2007, 34). سەرەتای گومانی دیکارت دەگەڕێتەوە بۆ خویندنی لە لافلاش لەم بارەیەوە دیکارت دەڵێت: من لە منالییەوە لە جیهانێکی پڕ لە کتێبدا ژیام، من خوازیاری فێربوون بوم لێیان، بەڵام لەگەڵ تەواوکردنی خوێندن. خۆم لە ژێر باری ئەو گومان و هەڵانە بینییەوە، کە وا دەردەکەوێت هیچ شتێک فێر نەبووم (دیکارت،٢٠١٥، ٥٩). ئەوە شتێکی نوێ نییە کە بۆم دەرکەوت لە منالییەوە کۆمەڵێک بۆچونی هەڵەم وەرگرتووە و بەڕاستم زانیوە، بەم پێیەش ئەوەی لەسەر ئەو جۆرە بنەما لەرزۆک و

شیرزانە، بینام کردووە زۆر جێگومانە و هەرگیز دڵنیایی تێدا نییە، لەو کاتەوە گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە پێویستە بۆجارێکیش بێت خۆم لەسەرجەم ئەو بۆچوونانە ڕەها بکەم کە پەسەندم کردوون و ئەگەر بمەوێ شتێکی دامەزراو مەحکەم لە زانستەکاندا دابمەزرێنێت، پیویستە تەلارێکی نوێ لە بناغەوە دروست بکەم، بەڵام ئەم پرۆژەیە بە پرۆژەیەکی زۆر گەورە هاتە بەرچاوم، لەبەر ئەوە چاوەڕوانم کرد تا بگەمە تەمەنێک کە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە شیاوتر و باشتربم) (دیکارت،٢٠٢٠، ٥١). بۆ ئەوەی زانستەکان لەسەر بناغەی پتەو دابمەزرێنین، پێویستە سەرجەم شتەکان بە پێی توانا بخرێتە ژێر گومانەوە (دیکارت،٢٠٢٠، ٤٧). بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەتدا مرۆڤ پێویستی بەوەیە تەنها جارێکیش بێت لە ژیانیدا، ئەوەندەی لە توانادا هەیە گومان لە هەموو شتێک بکات (دیکارت،٢٠١٥ ،٦٧ ). دیکارت سەرچاوەی زانینی وەک هەستەکان و ژێری خستۆتە ژێر گومانەوە، بۆ گەیشتن بە زانینی ڕاست دەبێت گومان لە هەموو شتێک بکەین. بۆ ئەوەی بگەین بە زانینی ڕاست و دوور لە هەڵە.

دیکارت دان بەوەدا دەنێت کە پێش ئەوەی میتۆدی گومان بەکاربهێنێت خودی خۆی هەندێ شتی بەهەڵە وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (ماوەیەک لەمەوبەر بۆم ڕوون بووەوە کە کۆمەڵێک بۆچوونی هەڵەم وەرگرتووە، کە پێم وابوو ڕاستن بۆم ڕوون بووەتەوە کە ئەوەی ئێمە لەسەر ئەم جۆرە بنەمایانە بنیات دەنێین، ناتوانێت وا نەبێت شتێک کە گومانی هەیە. بۆیە بڕیارمدا بەجدی خۆم دەستکاری بکەم، جار جار ژیانم لە هەموو ئەو بۆچوونانەی کە ڕۆژێک باوەڕم پێی هەبووە بۆ ئەوەی شتەکان لێیەوە بناغەی نوێ دەست پێ بکەم، ئەگەر بمەوێت بناغەیەکی تۆکمە و جێگیر لە زانستدا دابمەزرێنم، بەڵام پرۆژەکە زۆر گەورە بوو بەلامەوە، بۆیە چاوەڕێم کرد تا تێگەیشتم کە چەندە گەورەیە هیوادارم کە پێگەیشتووتر بم بۆ جێبەجێکردنی ئەمڕۆش دەستم کردووە بە باوەڕکردن بە ئێوە من هەڵەم ئەگەر دوودڵ بم لەو کارە) (دیکارت،٢٠٢٠، ٥٩).

دیکارت باسی دۆخی دەروونی خۆی دەکات کە چۆن کەوتۆتە ناو گومانەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (بیرکردنەوەی دوێنێم خستمیە ناو دەریای گومانێکی ئەوتۆ لە توانامدا نەبێت لە بیر خۆمی بەرمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نازانم چۆن چارەسەری بکەم، هەروەک لە ناکاو کەوتبێتمە ناو ئاوێکی قوڵ، سەرم لێشیواوە نەدەتوانم لاقم لە بنیدا جێگیر بکەم نەدەتوانم بە مەلە خۆم سەر ئاو بخەم، لەگەڵ ئەو ڕەوش و دۆخەدا کۆشش دەکەم، لەسەر ئەو ڕێگەیەی دوێنێ گرتمە بەر بەردەوام بم، بە تایبەتی هەموو ئەو شتانە لە خۆم بە دووربگرم، کە لەوانەیە تۆزە گومانێکیان لێبکەم، دەمەوێت لەو ڕێگەیەدا بەرەو پێش بچم تاکو دەگەمە شتێکی دڵنیایی لێکراو) (دیکارت،٢٠٢٠، ٦٥). پرۆسەی زانین پشت بەستوە بەو تێکستە بە گومان دەستپێکردووە، وەک ئامرازێک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، گومانەکە لە خۆیدا میتۆدە و ئامانجەکییە، بەڵکو دەیەوێ بگاتە بنەمایەکی دڵنیایی لێکراو (عزیز، ٢٠١٦، ٥٢) .هەروەها بیری لە دانانی بەردی بناغەی پەیڕەو میتۆدەیەک کردەوە، کە بنجو بناوانێکی ئەگەر و گومان هەڵنەگر بۆ فەلسەفە دابین بکات بەڵام بە گومان دەستی پێکرد، بە مەرجێک ئەو گومانە پەیڕەوی میتۆدەیەک بێت نەبێتە کۆسپ و بەربەست لەبەردەم بڕیاری ئازادانەی ژیردا (عزیز، ٢٠١١، ٧٦).

دیکارت لەبارەی میتۆدەوە لە نامەیەکی بۆ زانایانی کۆلێژی لاهوتی پیرۆز لە پاریس ئاماژەی بەوەداوە کە: (زۆر کەس لەوانەی دەزانن من میتۆدەیەکم بۆ چارەسەری هەموو جۆرە ئاڵۆزیەکانی زانستەکان داناوە، بۆ ئەو کارە هانیاندام لە ڕاستیدا ئەو میتۆدە تازە نییە، چونکە هیچ شتێک لە ڕاستی"حەقیقەت" کۆنتر نییە، بەڵام دەزانین کاتێک لە شوێنێکی تردا بەکارم هێناوە هەندێ سەرکەوتنم بەدەست هێناوە، لەبەر ئەوە بە ئەرکی خۆمم زانی لەم بابەتە هەستیارەشدا تاقی بکەمەوە)

(دیکارت،٢٠٢٠، ٣١). لێرەوە دیکارت دان بەوەدا دەنێت کە میتۆدەکەی تازە نییە، بەڵکو پێش ئەویش میتۆد هەبووە، هەروەها دیکارت لە میتۆدەکانی فەلسەفەی پێش خۆی ئاگاداربووە، وە دان بە سەرکەوتی میتۆدەکەی خۆیدا دەنێت، لێرەوە پرۆسەی گومانەکەی هەنگاو بە هەنگاو دەست پێدەکات. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە دەیەوێ هەموو شتێک بپشکنێت بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیان، بەڵام خۆمان لە بریاردانی پێش وەختە بپارێزین، دیکارت بە تەواوی دژایەتی زانینی پێش وەختەی کردووە لەم بارەیەوە دەڵێت: (بڕیارمدا بە هێواشی ڕێبکەم و هەموو شتێک بپشکنم، بۆ ئەوەی گەر زۆر کەمیش بۆ پێشەوە بڕۆم، خۆم لە کەوتن بپارێزم، لەوەش زیاتر نەمویست بەر لەوەی کاتی پێویست بەخشیبێت بە ڕێخۆشکارییەکان بۆ ئەو پرۆژەی دەستم پێکردبوو، لە گەڕان بە دوای ڕێگەی ڕاستەقینەی گەیشتن بە زانینی کە لە توانای هزریمدان، بەبێ ئەوەی بە ڕێرەوی ژیری بیان بەم، بەیەکجاری خۆم لە هەموو ئەو بۆچوونانە ڕزگار بکەم کە لە ڕابردوو دزەیان کردۆتە بیروباوەڕم) (دیکارت، ٢٠١٥، ١٠٢). لە ڕێگەی ئەم دەقەوە دەتوانین تیشک بخەینە سەر جۆری ئەو گومانەی کە کردوویەتی کە گومانی کاتییە نەک گومانی هەمیشەیی و ڕەها، جیاوازی گومان لەسەر بنەمای لە ناوجوونی ڕابردوو دامەزراوە، کە دەبێت چاک بکرێت و پێداجونەوەی بۆ بکرێت (عباس, ١٩٩٦، ١٢٩،١٣٠). بەڵام گومانەکەی گومانی ڕەها نییە، واتە گومانەکەی گومانێک نییە لە نێو خۆیدا تەواو بێت، بەڵکو تەنیا گومانێکی میتۆدییە، دەرچون لەم گومانە دەبێت بێگومانی خۆی بچەسپێنێت (جلال، ٢٠٠٨ ،٢٥). دیکارت جیاوازی دەکات لە نێوان گومانی ڕەها و گومانی میتۆدی، گومانی رەها وێرانکەرە، بەڵام گومانی میتۆدی ئەو گومانەیە لە کاتی بیرکردنەوەدا دەکەویتە گومانەوە، گومانی دیکارتی هەنگاوێکە بۆ دڵنیایی لە نەمری دەروون، دەربارەی خودا، دڵنیای لە خودی خۆی. گومان خاڵی دەستپێک بوو بۆ دیکارت، گومانەکەی سنورداره بەشێکە لە میتۆدۆلۆژیا (غالی،١٩٩٦، ١٠٤).

دیکارت نەیویستووە میتۆدەکەی بسەپێنێت تەنیا ویستویەتی ئێمە لە هەڵەی بەکارهێنانی میتۆد ئاگادار بکاتەوە لەم بارەیەوە وتویەتی: (مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە کە ئەو میتۆدە بسەپێنێت کە پێویستە هەموو مرۆڤێک پەیڕەوی بکات بۆ ئەوەی بە باشی ڕێبەرایەتی بکات، بەڵام مەبەستم ئەوەیە نیشانی بدەم کە بە چ شێوەیەک هەوڵمداوە کە بڕیاردەدەم کە ئەوانەی دەست تێوەردەدەن بۆ ئامۆژگاریکردن دەبینین ئەوانە خۆیان بە زیرەکتر دەزانن لەوانەی کە ڕێگریان لێدەکەن، هیوادارم ئەم وتارە سوودی بۆ هەموو کەسێک هەبێت بەبێ ئەوەی زیان بە کەس بگەیەنم، هەموو کەس بە ڕاشکاویەکەی من ڕازی بێت) (دیکارت، ٢٠١٥، ٥٥،٥٦).

**باسی سێیەم:- یاساکانی میتۆد لای دیکارت.**

دیکارت لە کتێبی (وتاری میتۆد) بە تایبەت لە بەشی دووەمدا دوای ئەوەی ڕێبازی زانستی شی دەکاتەوە لۆژیک و ئەندازە و شیکاری جەبر باس دەکات و ئەم بڕیارە دەدات گوایە لۆژیک شتێک ڕوون دەکاتەوە کە پێشتر زانراوە گازندەی دوو بابەتەکەی دیکەی دەکات، ئەمە ئەم هۆکارە بوو بیرم کردەوە بە دوای پەیڕەوێکی تردا بگەڕێم لایەنی چاکی ئەو سێ زانستەی تێدا بێت دووربێ لە کەم و کورییەکانی، هەرچەند زۆری یاساکان هەندێ جار دەکرێتە پاساو بۆ خراپەکاری دەوڵەت، باشتر دەبێت کاتێک ژمارەی یاساکانی کەم دەبێت، خەڵک بە حوکمەوە چاودێری دەکات، بۆیە بینیم لە جیاتی ئەو هەموو یاسایە، کە پێکهاتووە لە لۆجیک، دەتوانم ئەم چوار یاسایەی خوارەوە باس بکەم بە مەرجێک من ڕاستگۆو سووربم لەسەر ئەوەی یەک جار سەرپێچی نەکەم) (دیکارت،٢٠١٥، ١٠٧،١٠٨ ). هەروەها دیکارت لە کتێبی یاساکاندا لە یاسای

ژمارە (٤) ئاماژە بەوەدەکات کە: (ئەگەر میتۆدە بە شێوەیەکی باش ڕاڤەی ئەوە بکات کە چۆن دەبێت ئەزموون بەکاربێت بۆ ئەوەی مرۆڤ نەکەوێتە هەڵەیەکی پێچەوانەی ڕاستییەوە دەبێت بۆ گەیشتن بە زانین چۆن هەڵهێنجان بکات، بە بۆچوونی من هیچ شتێکی تر جگە لەمە پێویست نابێت بۆ ئەوەی میتۆدەیەکی تەواو بێت، چونکە ناکرێت هیچ زانستێک هەبێت بە ئەزموون یان هەڵهێنجان نەبێت ناشتوانێت درێژە بە ڕاڤەی خۆی بدات تا ئەو شوێنەی کە پێمان دەڵێت ئەم پرۆسانە چۆن ڕوودەدەن، چونکە ئەم پرۆسانە سادەترین و سەرەتاترین پرۆسەکانن بە شێوەیەکی ڕەها، بە شێوەیەک ئەگەر ژیری ئێمە توانای ئەنجامدانی نەبێت، ئیتر لە هیچ ڕێسایەکی تری میتۆد خۆی تێناگات، هەرچەندە ئەو ڕێسایە ئاسانیش بێت) (Descartes, 1996, pp. 79, 80)

دیکارت لە کتێبەکەیدا چوار یاسای دەست نیشان کرد کە دەبێت مرۆڤ پەیرەوی بکات لە گەڕان بە دوای ڕاستی، ئەو یاسایانەش ئەمانەن:-

یەکەم :- یاسای دڵنیایی بوون.

دووەم :- یاسای شیکردنەوە.

سێیەم :- یاسای داڕشتن- لێکدان.

چوارەم:- یاسای پێداچونەوە یان ئامار.

یەکەم :- یاسای دڵنیای بوون، قاعده البداهة (Regle De Levidence) .

دیکارت لەم یاسایەدا پێی دەڵێت یاسای دڵنیایی (هیچ شتێک وەک ڕاستی قبوڵ ناکات مەگەر پێش وەخت بزانین کە ڕاستە بەو مانایەی خۆت بە دووربگری لە پەلە کردن لە بڕیاردان و وەرگرتنی بڕیارەکانی پێشوو، هەروەها نەچێتە ناو بڕیارەکانمان جگە لەوەی ژیر بە ڕوونی و جیاکاری نوێنەرایەتی دەکات کە هیچ گومانێک هەڵنەگرێت) (دیکارت،٢٠١٥، ١٠٩،١١١). لە شیکردنەوەی ئەم یاسایە بانگەوازی سەربەخۆی ژیر لە دەسەڵاتی ئەوەی ماوەیەک بەسەریدا سەپێنراوە، چونکە مێشک بە سروشتی خۆی دەگاتە ڕاستییان ئەو خۆی هەستی پێدەکات، واتە بە هەستی ژیری ڕاستەوخۆ شتەکان لە یەکەم تێڕوانیندا دەبینێت کە تەواوی ڕاستی و دڵنیاییە، ئەوە کۆمەڵەی زانستە، بەم شێوەیە دیکارت داوای دڵنیایی دەکات کە ڕێگە بە ئەگەرەکان نادات، گومانی هەیە کە زانست و میتۆدی لەسەر دانەمەزراوە. بەم شێوەیە دیکارت یەکەم یاسای خۆی کۆتای پێدەهێنێت بۆ گەڕان بە دوای دڵنیای ژیردا، کە ئامانجی ژیرن لەگەڕان بەدوای ڕاستیدا (عباس، ١٩٩٦، ٩٣) . کاتێک دیکارت باسی ڕاستی دەکات لە کتێبی یاساکاندا ڕوونی دەکاتەوە لە ڕێسای ژمارە (٢) دەڵێت: (هەموو زانستێک زانیارییەکی دڵنیایی ڕوونە (Descartes, 1996, p. 66). لە کۆتایدا نابێت پەلە لە بڕیاردان‌دا بکەین، چونکە پەلە کردن یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵەی مرۆڤ، شتێک قبوڵ نەکەین کە خۆی دیار نەبێت کە ڕاستە، چونکە پێچەوانەکەی تێکچوون لە ژیردا دروست دەکات لە ئەنجامی ناڕوونی بیرکردنەوەکان (فضل الله، ١٩٨٦، ١٠٨،١٠٩). ئەم یاسایانە بە ڕوونی دیکارت خۆی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و پێشتریش لە فەلسەفەی پیادەڕەوەکان بەدوور دەگرێت، تەنیا ئەو هزر و بۆچونانە بە ڕاست دادەنێت کە ڕوون و ئاشکران گومان لە ڕاستی و دروستیان ناکرێت (عزیز، ٢٠١١، ٧٩). (من ئەو

زانینە بە ڕوون دادەنێم کە ڕوون و بەرچاو بێ لەبەردەم دەروونی بە ئاگام، هەروەک چۆن مرۆڤ دیتنی ڕوون بەوە ناودەبات کاتێک ئەو شتە دەبینرێت لەبەر چاوی سەرنجدەر بێت بەو پەڕی تواناوە بیوروژێنێ، بە ئاشکرا جیاواز بەو زانینە دەڵێم کە لە مەرجی پلەی ڕوون و بەرچاویدا لە هەموو ئەوانەی تر جیاو جیاوازبێ لە نیشانەی ڕوون بەو لاوە هیچی تری تێدا نەبێت) (دیکارت، ٢٠١٦، ٢٩٢) . (نابێت هیچ شتێک بە ڕەوا قبول بکەم کاتێک دڵنیا نەبم لەوەی کە ڕاستە، نەچمە ناو حوکمەکانەوە جگە لەوەی کە ژیرم بە ڕوونی نوێنەرایەتی دەکات). (ئەوەی دلخۆشتریکردم بەم میتۆدە، دڵنیابوونم بوو لەوەی گەر بەتەواویش نەبووبێت، لانیکەم لە تواناما هەیە لە ڕێگەیەوە لە هەموو شتێکدا ژیرم بەکاربهێنم) (دیکارت،٢٠١٥، ١٢٤).

دووەم:- یاسای شیکردنەوە (قاعدة التحليل ).

دابەشکردنی ئەو کێشانەی کە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی قورسە، شیکارییەکە دەبێت لە کۆتاییدا ئەنجام بدرێت ئامانجی کۆتایی تێگەیشتنە لە کێشەکە و زانینی چارەسەری گونجاو بۆی، چونکە شیکاری ئەوەیە کە هەیە جگە لە میتافۆرێک بۆ دابەشکردنی کێشەکە بەسەر پێکهاتە سادەکانیدا، ناسینی ئەوان زانینی ڕاستەوخۆیە (فضل الله، ١٩٨٦، ١٠٩). لەم بارەیەوە دیکارت دەڵێت: (هەر کێشەیەک لەو کێشانەی دەمەوێ لێی بکۆڵمەوە بەپێی توانا و ئەوەندەی پێویست بێت بە چەند بەشێکەوە دابەشی دەکەم بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی سوک و ئاسان بێت) (دیکارت،٢٠١٥ ،١١٢). ئەم یاسایە بە یاسای دابەشکردن ناسراوە هەروەک لە ڕێساکاندا لە ڕێسای ژمارە (٥) دەڵێت: (پرسە ئاڵۆز و ناڕۆشنەکان وردە وردە بگەڕێنرێتەوە سەر پرسی سادەترەوە) (Descartes, 1996, p. 87). لەو بنەمایەدا دیکارت لەسەر شێوازی بیرکاری و ئەندازەو میتۆدی شیکاری دیارو دەست نیشان دەکات، بەو پێیەی کە بابەتی فرە ڕەنگی و لێکدراو لەبەر دەست بوو ڕوون و ئاشکرا نەهاتە بەرچاو تێگەیشتن لە زانینەکەی سەخت بوو، دەبێت ئەو بابەتە هەنگاو بە هەنگاو بۆ بابەتە سادە و ساکارەکانی، واتە لە هەمەکی و گشتییەوە بەرەو هەندەکی دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی زانینی ڕوون و ئاشکرا بەدەست بهێنرێ. لێرەدا هیچ بواری گومان لە بەردەم نامێنێ. پرۆسەی شیکاری هەنگاوێکی گرنگی سەر ڕێگای زانستە، بۆ نمونە ئەو کێشانەی ئاڵۆز و تەم ومژاوین مرۆڤ بە ئاسانی لێیان تێناگات دەبێت بە هەنگاوی ڕێک و پێک بخرێتە سەر بنج و بناوانی بەوەی پێکهاتەی سادە و ساکارەکان شیبکاتەوە (عزیز، ٢٠١١، ٨٠). ئامانجی ئەم یاسایە هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەی ڕاستیەکان وەک بابەتی ئەندازە و بیرکاری شیکردنەوەیان بۆ بکەین، بۆ هەر کێشەیەک دەبێت بە گریمانەی کۆمەڵێک هۆکار دەست پێبکەین، ئیمە بە لێکۆڵینەوە لە هەر هۆکارێک بە جیا تا دەگەینە هۆکارە ڕاستەقینەکانی کێشەکە (عباس، ١٩٩٦، ٩٣).

سییەم:- یاسای دارشتن لێکدان (قاعدة التركيب) ( Ordre).

دیکارت سەبارەت بەم یاسایە دەڵێت: (خستنەڕووی هزرم بە پێی سیستەمێک، دەستپێکردن لە سادەترین بابەتەکان ئاسانترینیانەوە بۆ زانین، تا وردە وردە و پلە پلە بەرز بینەوە بۆ زانینی ئاوێتەترینیان، بە گریمانەکردنی بونی سیستەمێک تەنانەت لە نێو ئەو شتانەشدا کە بە شێوەیەکی سروشتی بە دوای یەکدا نایەن) (دیکارت،٢٠١٥، ١١٣،١١٦). لە کتێبی ڕیساکاندا لە ڕیسای ژمارە (١٢) ئاماژە بەوە دەکات (لەبەر ئەوەی کە ئێمە تەنیا لەو ڕووەوە قسە لە شتەکان دەکەین کە ژیرمان درکی دەکات، ئێمە تەنیا بەو شتانە دەڵێین سادە کە زانینێکی ئەوەندە ڕوون و ناوازەمان لە بارەیانەوە هەبێت کە

ناشێت ژیر لە دابەشکردنیان بەردەوام بێت لەوەوردتر و سادەتریان بکاتەوە بۆ ئەوەی کە ناوازەتر بیانبینێت بۆ نمونە شێوە، درێژی، جوڵە، بەڵام هەموو ئەو شتانەی ئێمە وێنایان دەکەین لەم شتە سادانە پێکهاتوون ) (Descartes, 1996, pp. 123,124). (ئەو شتانەی کە لە ڕوانینی زەینی ئێمەدا سادەن، یان شتی ڕۆحانی پەتین، یان ماددەی پەتین، یان تێکەڵاوە لە هەردووکیان، چونکە تەنیا ڕۆحە پەتییەکان کە زەینی مرۆڤ بە ڕووناکی سروشتی و بێ پەنابردنە بەر هیچ وێنەیەکی جەستەیی درکیان دەکات، ماددە ئەو شتانەن کە لە ڕێگەی جەستەکان و قەبارەکان دەیزانین، وەک شێوە و درێژبوونەوە و جوڵە، دواجار دەبێت تێکەڵ بەو شتانە بڵێین کە بەکاریان دەهێنین بەبێ جیاکاری لە نێوان شتە دەروونی و شتە جەستەییەکان قەبارەدارەکان وەک بوون و یەکێتی و بەردەوامی و هاوشێوەی ئەمانە) (Descartes, 1996, p. 124) . هەروەها لە یاسای ژمارە (٥) دەڵێت: (هەموو ڕێبازێک لە سیستم و ئەو بارودۆخە پێکدێت کە ئەو شتانەی تێدایە کە پێویستە هزرمان ئاراستە بکەین بۆ دۆزینەوەی هەندێ ڕاستی، دەتوانین بە وردی بە دوای ئەم پرۆسەیەدا بڕۆین ئەگەر پرسە ئاڵۆز و ناڕۆشنەکانمان هەنگاو بە هەنگاو گێڕایەوە سەر پرسی سادەتر و دواجار لە سووسەکردنی[7] سادەترینیانەوە دەستمان پێکردن بەرەو زانینی ئەوانی دیکە) (Descartes, 1996, p. 87). ئەم یاساییە بە پێچەوانەی یاسای دووەمەوەیە، لە سادەوە بەرەو ئاڵۆزو (لێکدراو) هەنگاو دەنێت، لە بنەما و سەرەتاوە بەرەو ئەنجام هەنگاو دەنێت، لەم بنەمایە دووخاڵ سەرنج ڕادەکێشێت، کە بەشێکی کێشەکە سەرنج دەدرێ ئینجا بچێتە سەر بەشێکی دیکەو هەردووکیان چ پەیوەندێکیان لە نێواندا هەبێت بزانرێت و بەم پێیە پرۆسەکە بەرەو پیش دەچێت، هەروەها وادابنرێ کە نەزم و ڕێک و پێکی هەیە، لێرەدا مەبەست لە نەزم و ڕێک و پێکی هۆکار و ئەنجامە، بەو پێیە دەبێت بەهۆی شتێکی پێشوو شتێکی دیکەی پەی پێببرێت، ئەو پەیوەندییە سروشتی لۆژیکی دەردەخات هەردوو یاسای دووەم و سێیەم پێ لەسەر ئەوە دادەگرن لە سەرەتاوە لێکدراو ئاڵۆز بەرەو بنەمای سادە و ساکار دەبرێت بۆ دڵنیایی (عزیز، ٢٠١١، ٨١).

چوارەم :- یاسای پێداچونەوە یان ئامار ( قاعدة الإحصاء ) (Regle Des denom Brement Eniters).

ئەم یاسایە بۆ دڵنیابوونە کە ئێمە هیچ شتێکمان پشگوێ نەخستووە، لە شیکردنەوەی ئەم یاسایە دەتوانین ئەو توخمە فێرکردنە ببینین کە دیکارت جێبەجێی دەکات بە ئامانجی خۆ لادان لە کەمتەرخەمی و هەڵە (عباس، ١٩٩٦، ٩٤). یاسای ئاماری گشتگیر بەو مانایەی کە لێکۆڵینەوە لە هەر توخمێکی کێشەکە نابێت پشتگوێ بخرێت، بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە، ئامانجی مەبەست لەم یاسایە بە وردی هەموو شتێک لەبەرچاو دەگرێت ئەو سنوورانەی کە بابەتی کێشەکە پێکدەهێنن، زنجیرەی دەرئەنجام پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی لەو پەیوەندیانە تێبگەین کە لە نێوانیاندا هەن، پاشان وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی کە دەگاتە ئاستی دڵنیایی (فضل الله، ١٩٨٦،١١٠). (ئەنجامدانی ژماردنی تەواو پێداچونەوەی گشتی لە هەموو شوێنێکدا، بە جۆرێک دڵنیابم هیچ شتێکم بیرنەچووە) (دیکارت،٢٠١٥ ،١١٧). هەروەها دیکارت لە ڕێسای ژمارە (٧) ئاماژە بەوەدەکات کە (بۆ تەواوی زانین پێویستە بە شێوەیەکی پەیوەست و نەپچڕاو ژیری خۆمان بگێڕین بە هەموو ئەو شتانەدا کە پەیوەندی بە ئامانجەکەمانەوە هەیە و بەهەر یەکێکیاندا بە تەنها دەبێت سەرژمێری تەواویان بۆ بکەین. ڕەچاوکردنی ئەوەی لێرەدا دەیڵێم پێویستە بۆ ئەوەی لە ڕاستیەکاندا ئەوانە وەرگرین کە وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکردووە، لە بنەڕەتی دیکەوە وەرنەگیراوە دەرهاوێژراو نین، چونکە زۆر جار ئەم دەرهاوێشتنە لە ڕێی زنجیرەیەکی درێژی بەرەنجامەکانەوە دەکرێت بە جۆرێک ئەگەر بە کۆتای گەیشت بە ئاسانی هەموو ئەو ڕێگایانەمان وەبیرنایەتەوە کە بڕیومانە، هەر بۆیە دەبێت لاوازی یادەوەریمان

بە جوڵەی پەیوەستی هزر چارەسەربکرێت) (Descartes, 1996, p. 95) . ئەم بنەمایە لە فەلسەفەدا بە ئیندەکشن[8] ناودەبرێت دەست بەرداری ئەوە دەبێت کە مرۆڤ هیچی لەبیر نەچووە و شتێکی بەسەردا تێنەپەڕیوە و جۆرە دڵنیایەکی دەستگیر دەبێت (عزیز، ٢٠١١، ٨١،٨٢).

ئەم چوار یاسایەی دیکارت ئاماژە بەوە دەکەن کە دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا پەیڕەوبکرێت.

**بەشی دووەم:- گومانی میتودی و هەنگاوەکانی.**

دیکارت لە کتێبی "دەربارەی میتۆد" دەڵێت: (لە هەموو نۆ ساڵی دواتردا، جگە لە گەشت و گەڕان هیچی ترم نەکرد لێرە و لەوێ لە جیهاندا. هەوڵ دەدەم لە هەموو شتێکدا بینەر بم نەک ئەکتەر کە تێیدا نوێنەرایەتی دەکرێن. وە کاتێک بیرم لە هەموو شتێک دەکردەوە دەمتوانی ببێت بە بابەتی گومان، هۆکارێک بێت بۆ هەڵەکانمان، چونکە من لە هزرم هەموو ئەو هەڵانەی تێدایە کە پێشتر توانیویانە بچنە ناویەوە و لە چیدا بووم ئەمەش لە لاساییکردنی ئەو گومانکارانە دەکەمەوە کە تەنیا لە پێناوی گومانا گومان دەکەن. وا خۆیان نیشان دەدەن کە وا دەکەن هەمیشە بە سەرلێشێواوی دەمێننەوە، من پێچەوانەم. هەموو مەبەستم ئەوە بوو بۆ بەدەست هێنانی دڵنیابوون، وا دیارە لەمەشدا کەمێک سەرکەوتووبووم) (دیکارت،٢٠١٥، ١٦٢،١٦١). هەروەها باسی ئەوە دەکات کە دەیەوێ هەموو شتێک بشکێنێت بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیان (بڕیارمدا بە هێواشی ڕێبکەم و هەموو شتێک بپشکنم، بۆ ئەوەی گەر زۆر کەمیش بۆ پێشەوە بڕۆم، خۆم لە کەوتن بپارێزم، لەوەش زیاتر نەمویست بەر لەوەی کاتی پێویستم بەخشیبێت بە ڕێخۆشکارییەکان بۆ ئەو پرۆژەیەی دەستم پێکردبوو، لە گەڕان بە دوای ڕێگەی ڕاستەقینەی گەیشتن بە زانینی کە لە توانای هزریمدان، بەبێ ئەوەی بە ڕێڕەوی ژیری بیان بەم، بەیەکجاری خۆم لە هەموو ئەو بۆچوونانە ڕزگار بکەم کە لە ڕابردوو دزەیان کردۆتە بیرو باوڕم) (دیکارت،٢٠١٥، ١٠٢). جێی ئاماژەیە کە سەرەتا میتۆدی دیکارت بە شێوەی ئیلهام بووە، بۆ شێوەی خەوی فەیلەسوف و بینینی خەونی میتۆدی، دواتریش دانی پێداناوە کە بانگەوازەو لە لایەن خوداوە بۆی هاتووە (عباس، ١٩٩٦، ١٢٨).

**باسی یەکەم:- گومان لە هەستەکان.**

دیکارت ئەو میتۆدەی ئەو دەیەوێت بە شێوەی سیستەماتیک لەوە بکۆڵێتەوە ئاخۆ لە ڕووی لۆژیک دەکری گومان لە هەموو ئەو شتانە بکەین کە هەمیشە وەک ڕاستی قبوڵمان کردووە، کە سەرەتا بە گومانکردن لە هەستەکانەوە دەست پێدەکات (سیوەیلی، ٢٠٠٩، ٦١). سەرەتاییترین ئەو باوەڕانەی کە پێویستە بخرێنە بەر تاقیکردنەوە ئەو باوەڕانەن کە پشت بە هەستەکان دەبەستن، کە ئەمانە ئاسانترین ئەو باوەڕانەن کە زیاتر فریودەرن. بۆ نمونە لە بارەی خراپ بینینی قەڵەم لە ئاودا. کە بەخواری دەردەکەون و ئەو خەیاڵانەی کاریگەری لەسەر هەستەکان هەیە. دیکارت دەڵێت لەبەر ئەوەی هەستەکان سەرچاوەی دڵنیایی متمانە پێنەکراوە. ئەوەی سەردەمێ ئێمەی فریودابوو لەوانەیە فریومان بداتەوە (لاڤین، ٢٠١٧، ١٥٤). یەکەم زەمینەی گومان کە دیکارت ڕای دەگەیەنێت کە هەستەکان توشی هەڵەمان دەکەن، لەم بارەیەوە دیکارت دەڵێت: (هەندێ جار ئەزمونی ئەوەم دەکرد کە ئەم هەستە هەڵخەڵەتێنەرن ئەوەش لەبەر کەمی بە ئاگاییە هەروەها لەبەر ئەوەی پێدەچێت ئێمە هەمیشە خەون[9] دەبینین، ئێمە خەوتوین و لە کاتی خەودا ژمارەیەکی زۆر لەو شتانە بە توندی هەست پێدەکەین بە ڕوونی وێنایان دەکەین کە بوونیان نییە) (دیکارت،٢٠١٥، ٧٠). زۆر ئەزموون هێدی هێدی ئەو متمانەیەیان لەبەر یەک

هەڵتەکاند کە بە هەستەکان هەمبوو، چونکە زۆرجار تێبینیم دەکرد ئەو تاوەرانەی لە دوورەوە بە خڕ دەهاتنە پێش چاوم، لە نزیکەوە بە چوارگۆشە دەردەکەوتن، ئەو پەیکەرە زەبەلاحانەی لەسەر لوتکەی ئەو تاوەرانە دروستکراون، ئەگەر لە خوارەوە تەماشایان بکەین وەک پەیکەری بچوک دیاربوون، ئەمانە و بێشومار نموونەی تر، هەڵەم لەو حوکمانە بینی کە لەسەر هەستە دەرەکییەکان دامەزراون، بگرە لەو حوکمانەی لەسەر هەستە ناوەکییەکان دامەزراون) (دیکارت،٢٠٢٠، ١٧٦). هەرگیز بە تەواوی متمانە بەو هەستانە نەکەین کە فریویان داوین، بەهۆی سنورداری مەودای هەستکردن، سەبارەت بە زۆر بچووک یان زۆر دوور. هەروەها ژیرانە ئەوەیە کە متمانە بەشتێک نەکەین کە جارێک پێی هەڵخەڵەتێنراوین، دیکارت ئەزمونی خەونی خۆی دەگێرێتەوە کە ئەو (لە تەنیشت ئاگردان دانیشتووە لە کاتێکدا لە ڕاستیدا ئەو لە ناو جێگا خەوتووەو ڕۆبی ماڵەوەی لە بەردایە) (دیکارت،٢٠٢٠، ٥٣). ئەمە گرنگترین میتافۆری دیکارتە کە ناتوانێت لە سەرەتای گومانەکەی ڕاستی و خەون لە یەک جیابکاتەوە.

دیکارت کاتێک دەڵێت گومانم لە هەستەکان هەیە چونکە هەندێک جار هەڵم دەخەڵەتێنن و لەوانەیە هەمیشە من هەڵخەڵەتێنن نەک لە دانایی ئەوەیە کە متمانە بەو کەسانە بکەین کە تەنانەت یەک جار ئێمەیان هەڵخەڵەتاندووە، هەروەها دەڵێت من گومانم لە ژیریەتی ژیر هەیە، چونکە خەڵک لە ژیریەتی خۆیاندا هەڵە دەکەن و هەندێکیشیان لە سادەترین بابەتەکانی ئەندازیاریدا هەڵە دەکەن بۆیە ڕەنگە من هەڵە بکەم هەمیشە لە هەڵسەنگاندندا هۆکارێکە بۆ گومان کردن لەوەی کە هەمان ئەو بیرۆکانە لە خەودا دێنە خەوم و هۆشیاریش وەک یەک و نیشانەیەکی سەلمێندراو نادۆزمەوە کە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو حاڵەتەدا بکات ڕەنگە ژیانم خەون بێت، واتە لەوانەیە بەخەبەر هاتن خەونێکی ڕێک و پێک بێت، ئەوەی مەیلی گومانم زیاد دەکات ئەوەیە کە بیرۆکەیەک لە خۆمدا دەدۆزمەوە دەگوترێت خودایەکی بەهێز توانای زۆرە و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار ڕێگەم پێدەدات هەڵە بکەم (کرم، ٢٠١٢، ٧٤). دیکارت کاتێک دەڵێت: (ئەم دەستانە دەستمن و ئەم جەستەیە جەستەمە، مەگەر وەک یەکتر نەبن، شێتەکان کە مێشکیان تێک دەچێت. بەهۆی بەرز بوونەوەی دووکەڵێ ڕەشەوە، ئەوانەشی زۆر هەژارن جل و بەرگی لەبەردایە. جل و بەرگی داپۆشراو بە زێڕ و ئەرخەوان لە کاتێکدا زۆر ڕووتن یان خەیاڵی گۆزە دەکەن وە جەستەی شوشەمان هەیە، بەڵام شێت بوون و منیش ئەگەر وەک ئەوان بڕیسم، لە شێتیدا لەوان کەمتر نیم) (دیکارت،٢٠٢٠، ٥٣). لە شیکردنەوەی ئەم دەقە بۆمان دەردەکەوێ کە بانگەشەی گومانی کردووە لە بەشەکانی تری ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەریدەگرین. بەوەی کە مرۆڤێکی خاوەن ئەندامە دوو دەست و دوو قاچ و جەستەیەک پێک دێت (عباس، ١٩٩٦، ١٤٩). هەر شتێک لە هەستەکانەوە وەریدەگرین ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکەین ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا نییە، هەست یەکەم سەرچاوەی زانین نییە، دیکارت بۆیە یەکەم شت گومان لە هەستەکان دەکات چونکە پێی وایە زۆربەی باوەڕەکانی ئێمە پشت بە هەستەکان دەبەستن.

**باسی دووەم:- گومان لە بریاری ژیر .**

گومانکردنی دیکارت لە ژیر لەسەر زاری شەیتانێکی فێڵبازە[10] و شەیتانێکی فێڵباز ژیر فریودەدات وای لێدەکات بکەوێتە گومان و نادڵنیایی لە زانیارییە ژیرەکیەکان (کامل، ٢٠١٣، ٥١ ). دەتوانێت گومان لە سروشتی ڕاستی و هێزی ژیر دروست بکات کە دەنگدانەوەکەی لە بیرۆکەی تێڕامانی دیکارت دەدۆزینەوە، گەر خودا بەڕاستی توانای هەموو شتێکە، هیچ شتێک وەک خۆی نەبوو هەموو شتێك دەتوانێت بە پێچەوانەوە بێت، لە ئەگەری ئەوەی شتەکان لە ڕاستیدا جیاوازبن بە تەواوی لە

ڕووی دەرکەوتنیانەوە دەتوانرێت بە جدی و ڕێک و پێک بێت( bett 2010, 267) .. دیکارت زیاتر جەخت لەسەر زاڵبوونی وەحی بەسەر ژیردا دەکاتەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەبێت پابەند بین بە یاسایەکەوە کە لە هەڵە دەمانپارێزێت، ئەویش ئەوەیە کە خودا ئاشکرای کردووە ئەوە دڵنیاییە کە هیچ شتێکی تر ناتوانێت دەستکاری بکات، بۆیە ئەگەر وا دیار بێت دەروون ئاماژەمان بۆ بکات ئەگەر شتێک پێچەوانەی ئەوە بێت، دەبێت حوکمەکەمان بخەینە ژێر ئەو شتانەی کە لە خوداوە دێت. بۆیە بە بڕوای دیکارت ڕاستەقینەی ئایینی لە سەرووی ڕاستەقینەی "حەقیقەتی" ژیرەوەیە، دووەمیان جگە لە بوارێک هیچ بەهایەکی نییە ئەو ڕاستیانەی کە وەحی باسی نەکردووە و تەنانەت ڕاستەقینەی "حەقیقەتی" ژیریش بە بڕوای ئەو ئەگەر ڕووبدات پشکی خۆی لە ڕاستییەکان لەدەست دەدات لەگەڵ ڕاستەقینەی ئایینیدا ناکۆک بوو (الخوشت، ٢٠٢٢، ٦١). دیکارت سەرەتا گومانی لە بیرکاری هەبووە وەک لە کتێبی بنەماکانی فەلسەفەدا دەڵێت: (لە توانامانداا هەیە گومان لە هەموو ئەو شتانە بکەین کە لەوەو پێش وەک دڵنیایی بۆمان دەرکەوتوون بگرە گومان لە بەڵگە بیرکارییەکان و لە بنەماکانیان دەکەین ئەگەر لە خۆشیاندا ڕوون و ئاشکرابێت) (دیکارت،٢٠١٥، ٧١). دیکارت سەرەتا گومانی لەڕاستییەکانی ژمێرە و ئەندازە هەبووە، لە یەکەم تێڕامانەکان لەسەر شێوەی شەیتانێکی فێڵباز دەریدەخات کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان (زانستەکانی سروشت فەلەک و پزیشکی و باقی ئەو زانستانەی تر کە پشت بە سەرنجدان لە شتە پێکهاتووەکان دەبەستن، جێگەی گومانی بەهێزن و دڵنیاییان تێدا کەمە) (دیکارت، ٢٠٢٠، ٥٥). دیکارت ئاماژە بە هەڵەی ژیر دەکات لە هەندێک دەرئەنجامدا تەنانەت لە بیرکاری و ئەندازەشدا، ئەو کاتەی باوەڕە بیرکارییەکان لە تێگەیشتنی هەستەوە سەرچاوە دەگرن ئەو کاتە بیرکاری گومانی لێدەکرێت هەروەک دیکارت دەڵێت: (من نازانم بێدارم یان خەوتوم کۆی دوو و سێ بەردەوام دەکاتە پێنج، چوارگۆشە هەرگیز لە چوارلا نابێت، پێناچێت ئەم ڕاستییە بەڵگە نەویستانە گومانییان پێببرێت) (دیکارت، ٢٠٢٠، ٥٥). ئەو باوەڕە لە ڕێگەی ژیرەوە ناسراوە نەک هەستەکانەوە (لاڤین،٢٠١٧، ١٥٥). لە ژێردا ئەو ژمارانەی لە دەرەوە هەیە واتە دوو کۆی سێ یەکسانە بە پێنچ لە ناوەوە و دەرەوەی ژیر، دەشێت ژیر توشی ماندووبون بێت ناتوانی دوای ژماردنیان بکەوێت سەرنجیان بدات و ژیر تەرکیز بکاتە سەر چارەسەرکردنیان (عباس، ١٩٩٦، ١٥١).. دیکارت لە نامەیەکدا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی بە ناوی باوکە میلان دەڵێت: (ئەگەر سەبەتەیەک سێوت هەبوو، هەندێکی ساغ و هەندێکی خراپ یان گەنیوو بوو، ئەم گەنیوانە بینە هۆی گەنیوی سێوەکانی تر، چی دەکەیت بۆ ئەوەی لەوە ڕزگارت بێت؟ هیچ ڕێگایەک بۆ ئەوە نییە تەنیا بە دەرهێنانی هەموو سێوەکان نەبێت لە سەبەتەکە و پاشان سێوە ساغەکانی تێکەوتەوە، بەڵام دوای پشکنینی دانە بە دانە و دڵنیابوون لە ساغ بوونیان و فڕێدانی گەنیوەکان، مسۆگەرکردنی ژیریش بە کۆکەرەوەی بیروباوەڕە ڕاستەکان بە بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەوانە دەبێت کە تیایەتی، پاشان پێشاندانی ژیر و بۆچوونە ڕوون و ئاشکراکان کە سەلامەتی و دروستیان ساغ کردۆتەوە ناتوانرێت گومانیان لێبکرێت) دیکارت لێرەدا پێشانمان دەدات کە گومانمان لەو بیرۆکانە هەیە کە دەتوانن ناڕوونی و سەرلێشێواوی بۆ ژیر پیشان بدەن، ئەو بیرۆکانەی کە گومانیان لێدەکرێت هەموویان لە خۆ دەگرێت، هەموو بیرۆکەیەک کاریگەری دەبێت لەسەر ژیر وەک سێوە گەنیوەکە، لەبەر ئەوە ئێمە تەنیا ئەوانە دەخەینە ڕوو کە ڕوون و ڕەوانن ڕووبەڕووی بیرکردنەوە دەبنەوە. گومان تاقیکردنەوەیەکی ڕاستە ئەو ترشەیە کە هەڵەکان شیدەکاتەوە، ئێمە ناتوانین گومان لە هەموو شتێک بکەین بۆ گومانکردن لە ڕێگایەک، تەنها ئەو کاتە دڵنیا دەبین تا ئەو کاتەی ڕاستی تەواوی بەدەست دەهێنیت (كوارية، ٢٠١٤، ٣٨،٣٩). کاتێک ئێمە گومانمان لە ئەزموون و خەونەکان هەیە ئەوا تەواوی باوەڕە ژیرییەکانی ئێمە لەوانەیە هەڵە بێت، بۆیە ژیریش بەدەر نییە لە گومان.

sjh@univsul.edu.iq

**باسی سێیەم:- گومان لە بوونی جیهانی دەرەوە.**

دیکارت گومان لە هەردوو هەست و ژیر دەکات، پاشان بەرەو جیهانی دەرەکی هەنگاو دەنێت، ئەو تێروانینانەی کە لە جیهانی دەرەوە پێی دەگات (الغنوشي، ٨٣). دیکارت دەڵێت: نە ئاسمان نە زەوی رەنگەکان و شێوەکان هەموو ئەوانی تر و شتە دەرەکییەکان جگە لە وەهم و خەیاڵ هیچی تر نین کە ئێمە دامان ناوە (دیکارت،٢٠٢٠، ٥٥) دیکارت ڕوودەکاتە ئەو باوەڕانەی گومانی لێی هەیە وەک باوەڕ بە شتە ماددیەکان، یان باوەڕ بەوەی کە یەک جیهانی ڕاستەقینە هەیە کە پێویستە گومانیان لێبکرێت، چونکە ئەوان پشت بەستوون بە تێگەیشتنی هەستەکان کە ئاشکرا لە فریودانێک زیاتر نین، لەبەر ئەوە دڵنیاو سەلمێنراو نین. دیکارت دەپرسێت لەبارەی باوەڕەکان کە بە زانستە سروشتییەمان چین؟ پێویستە گومانیش لەوان بکرێت، چونکە ئەوانیش پشت بەستوو بەو شتانەن کە لەڕێگەی هەستەکانەوە ناسراون ئێستا سەلمێنراوە ناتوانن متمانەیان پێبکرێت (لاڤین، ٢٠١٧، ١٥٥). (هەموو وێنەی شتەکان کە لە هزرماندا پێکدێت، جا چ ئەو وێنەیە ڕاست و واقعی بن، یان هەڵە و خەیاڵی. یەکێک لەم جۆرە شتانە بریتییە لە سروشتی جەستەیی بە گشتی و کشانی، هەروەها شێوەی شتە کشاوەکان بڕ یان ئەندازە و ژمارەیان، ئەو جێگەیەی دەیگرن ئەو کاتەی تێیدا بەردەوام دەبن و ئەو جۆرە شتانە، ڕەنگە زیادەڕەویمان لە بەڵگەبەندیدا نەکردبێت ئەگەر بڵێین: زانستەکانی سروشت و فەلەک و پزیشکی و باقی ئەو زانستانەی تر کە پشت بە سەرنجدان لە شتە پێکهاتووەکان دەبەستن، جێگەی گومانی بەهێزن و دڵنیاییان تێدا کەمە) (دیکارت،٢٠٢٠، ٥٥). دیکارت کاتێک گومان لە بوونی جیهانی دەرەوە دەکات چونکە هەستەکان هەندێک جار هەڵماندەخەڵەتێنن لەبەر ئەوەی لە خەونەکانمدا خەیاڵ دەکەین کە شتەکان بوونیان هەیە. لە ڕاستیدا بوونی نییە، نایبینێت کە جیهانی دەرەوە نییە. ئەمە بەشێوەیەکی کاتی گومانی لێدەکات، تا ئەو کاتەی بنەمای دڵنیایی ڕوون دەبێتەوە (محمودی،١٩٨٣، ١٠٥) .

گومانی تێدا نییە کە شتە مادییەکان لە خۆیاندا ئەو شتانەن کە بۆ هەستەکانمان دەردەکەون، ئەوان بە ڕادەیەکی پێویست بەو باوەڕە بە ڕەوا دەبن کە بۆ نموونە لە خۆیاندا ناڕەزایەتیان هەیە بوون یان شتە ماددیەکان تەنها فۆرمێکی خەیاڵی ژیرن، واتە شتگەلێکی ماددی لە دەرەوەی ژیرمان. کە هاوتایە لەگەڵ چەمکە ڕوونەکانی ئێمە لەبارەیانەوە بوونی نییە، دیکارت بنەمایەکی باشی هەبوو کە ناتوانین بۆچوون و کردارەکانمان لەسەر بنەمای ئەو جۆرە گریمانانە دابنێین (کاپلستون، ٢٠٠٨، ١١٤). هەروەها دیکارت گومان لە ڕووناکی زگماکی دەکات چونکە ڕووناکی زگماکی بریتییە لە تەنها هاندەرێک کە پشت دەبەستێت بەوەی کە خودی لە جیهانی دەرەوە وەربگرێت، چونکە تیشکی زگماکی لەسەر شتەکانی جیهان دیکارت ناگاتە دڵنیاییەکی سەربەخۆ لە خۆیدا چونکە ئەو خودە دەخاتە ژێر گومانەوە، چونکە ڕووناکی زگماکی سنوردارە بەوەی کە خودی لێوەردەگرێت جیهان بەم شێوەیە چالاک نییە بەڵکو ناچالاکە، پۆزەتیڤ نییە بەڵکو نێگەتیڤە (کامل، ٢٠١٣، ١٢٨). لەم بارەیەوە دیکارت دەڵێت: (هەندی لەم بیرۆکانە پێدەچێت خۆرسک بن تێمدا، هەندێکیان نامۆن پێم و لەدەرەوە وەرگیراوە، هەندێکیان خۆم دامهێناوە، لەو ڕووەوە من هێزی وێناکردنی ئەوەم هەیە بە گشتی پێی دەوترێت شت یان حەقیقەت یان هزرێک، وای دەبینم ئەوەم لە سروشت و فیترەتی تایبەتی خۆمەوە وەرگرتووە) (سەرجەم ئەو بیرۆکانە لە ڕێگەزی ئەوانەن پێیان دەڵێم نامۆ لە دەرەوە هاتوون، یان هەموویان خۆرسکن تێمدا، یان هەموو دەستکردنی خۆمن، تا ئێستا بەڕوونی سەرچاوەی ڕاستەقینەم نەدۆزیوەتەوە) (دیکارت،٢٠٢٠، ٩٦). کاتێک دیکارت گومانی لە هەبوونی جیهان هەبوو باوەڕی

بەوە نەبوو کە بوونی خودا بتوانرێ لە ڕێگەی ئەوەوە بسەلمێنرێت چونکە هەبوونی جیهان ئەو دڵنیایە ڕوونەی نییە کە منی بیرکەرەوە ئەو دڵنیایەی هەیە بۆ سەلماندنی بوونی خودا (کامل، ٢٠١٣، ١٠٨).

دیکارت بۆیە گومانی لە جیهانی دەرەکی کرد چونکە ئێمە لە ڕێگەی هەستەکان هەست بە جیهانی دەرەکی دەکەین، مادام هەستەکان جێی گومانن کەواتە جیهانی دەرەکیش جێگای گومانە. بەڵام گومانەکەی لە جیهانی دەکەی گومانێکی کاتییە، کاتێک لە گومانەوە بەرەو دڵنیایی هەنگاو دەنێت جیهانی دەرەکی بەدەر دەبێت لە گومانەکەی.

**بەشی سێیەم:- لە گومانەوە بەرەو دڵنیایی (یەقین).**

**باسی یەکەم:- دڵنیایی لە بوونی خۆ.**

گومان دەبێتە پارادۆکسێک "دژیەکییەک" لە خۆیدا، ناکرێت گومان لە دۆخی گومانییەتی خۆمان بکەین، دواجار هۆش و ئاگایی مرۆڤ باش دەزانێت کە گومان و بیرکردنەوەکان زادەی ئاگاییە، ئەمەش لە کۆجیتۆدا ڕەنگ دەداتەوە کە گومان لە پێناو گوماندا نییە، بەڵکو گەیشتنە بە دوای گومان کە دڵنیاییە (جەمال، ٢٠١٣، ٨). کۆجیتۆ کورتکراوەی دەستەواژەی لاتینی (CogitoErgo sum)[(11)]. زاراوەی بەڵگەی هەستیارە لەلایەن دیکارت بەکارهاتووە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی بوونی خود لە هەر کردەوەیەکی کرداری بیرکردنەوە، تەنانەت لە خودی گوماندا، من گومانم هەیە ئەمە ئاگاداری بوونمە و بوونم لە بیرکردنەوەمدا دەگرێتەوە ژێرم خۆی ئامادەیە کە شەیتانێکی فێڵباز لە هەموو شتێکدا گومڕام دەکات، ئەو ناتوانێ من بوەستێنێت لە وازهێنان لە باوەڕەکانم، هەروەها ناتوانێ ڕێگریم لێبکات لەوەی دڵنیابن بەوەی خودێکم هەیە بیردەکەمەوە. دیکارت بنەمای کۆجیتۆ بە دڵنیایی دادەنێت و دەڵێت ئەو ڕاستیەی (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، یەکەمین و دڵنیاترین شتە کە پشتی پێدەبەسترێت) (دیکارت،٢٠١٥، ٧٣).. کەواتە کەسێک هەیە کە گومانی هەیە کە ڕاستیەکان ڕەت دەکاتەوە و گومانی لە ڕاستیەکان هەیە، هەروەها ناتوانین گومان بکەین لەوەی گومان دەکەین، کە گومانم هەبێت ناتوانم گومان لە بوونی خۆم بکەم، گومان جۆرێکە لە بیرکەدنەوە.

هەروەها لە کتێبی دەربارەی میتۆد دەڵێت: (هەر زوو وریا بوومەوە گەر بەم شێوەیە بیربکەمەوە کە هەموو شتێك هەڵەیە. پێویستە ئەوە من بم کەئاوا بیرمکردۆتەوە، شتێک کە ئەو ڕاستەقینەیەیە. ئەم ڕاستیەی کە من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم بە جۆرێک دڵنیا و جێگیرە کە پەرگیرترین گریمانەی گومانکارەکان ناتوانن بیلەرزێنن، بۆیە بریارمدا وەک یەکەم بنەما بۆ ئەو فەلسەفەیەی بە دوایدا بەگەڕێم، بێ سڵەمینەوە دەتوانم پەسەندی بکەم) (دیکارت،٢٠١٥، ١٧٨،١٨٤). من پێشتر باوەڕم بەوەهێنا کە هیچ شتێک لە جیهاندا بوونی نییە، نە ئاسمان نە زەوی نە دەروونەکان و نە جەستەکان، کەواتە ئایا باوەڕم هێناوە کە خۆشم نیم؟ ئەمە دوورە بێگومان من بوونم دەبێت ئەگەر باوەڕم بە شتێک هێنا یان بیرم لە شتێک کردەوە) (دیکارت،٢٠٢٠، ٦٦).. "بیرکردنەوە"[(12)] بە لای دیکارتەوە بە مانایەکی زۆر فراوان بەکاردەهێنرێت، شتێک کە بیردەکاتەوە، ئەو کەسەیە کە گومان دەکات، تێدەگات، بیردەکاتەوە، دووپات دەکاتەوە، نکۆڵی دەکات خەیاڵ دەکات، هەست دەکات، کاتێک لە خەودا ڕوودەدات جۆرێکە لە بیرکردنەوە، چونکە بیرکردنەوە گەوهەری ژێرە(Russell 1946, 587). دیکارت لە دەپرسێت ئەی کەواتە من چیم؟ من شتێکی بیرکەرەوەم، ئەی شتی بیرکەرەوە چییە؟ شتێکە گومان دەکات، تێدەگات، وێنا دەکات)(دیکارت،٢٠٢٠، ٧١). هەروەها دیکارت ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: (ئیستا چاوم دادەخەم و گوێم

کەر دەکەم هەموو هەستەکانم پەک دەخەم، بگرە سەرجەم وێنەکانی شتە جەستەیەکانم لە مێشکم دەسڕمەوە، یان مادام سڕینەوەیان سەخت بێت، لانیکەم بە بەتاڵ یان ساختەیان دادەنێم، کاتێک بە تەنیا لەگەڵ خۆم دەدوێم لە نزیکەوە لە سروشتی خۆم ورد دەبمەوە، هەوڵ دەدەم وردە وردە زیاتر خۆم بناسم و پێی ئاشنابم، من شتێکم بیر دەکاتەوە، کەواتە گومان دەکات، جەخت دەکات و نکۆڵی دەکات، کەمێک لە شتەکان دەناسێت و زۆریان ناناسێت، خۆشەویستی و ڕقی هەیە، دەیەوێت و نایەوێت، خەیاڵ دەکات و هەست دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دۆخەی بیرکردنەوە کە من ناویان دەنێم هەست و خەیاڵەکان، لەو ڕووەوە تەنیا چەند دۆخێکن لە بیرکردنەوە بە دڵنیاییەوە لە مندا هەن) (دیکارت،٢٠٢٠، ٩١). وەک بینیمان دیکارت گومانی لە میتۆدەکە هەبوو بۆ ئەوەی بزانێت ئایا هیچ ڕاستییەک یان ناڕاستیەک گومانی حاشا هەڵنەگر هەیە کە ئایا ئەو بەکاری هێناوە یان نا، ئەم ڕاستییە لە ڕستەی (بیردەکەمەوە، کەواتە هەم) هەرچەندە گومانم هەبێت، دەبێت بوونی هەبێت، ئەگینا نەمدەتوانی گومانم هەبێت بوونی من هەر لە کردەی گومانکردندا دەردەکەوێت (کاپلستون، ٢٠٠٨، ١١٧). دیکارت لە خۆی دەپرسێت بۆ کۆجیتۆ ئەوەندە ئاشکرایە؟ ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا لەبەر ئەوەی ڕوون و جیاوازە، کە پێشتر وەک یاسای گشتی پەسەندی دەکات هەموو ئەو شتانەی لەبەردەم ئێمەدا ڕوون و ئاشکران ئەوە ڕاستە، لەگەڵ ئەوەشدا دانی پێدادەنێت کە هەندێک جار زەحمەتی لە زانینی ئەو شتانە هەیە (Russell 1946, 587).

گەڕان بە دوای بنەمای یەکەمی بی گومان بناغەیەکی پتەوە لەو تەلارە فەلسەفییەی ئەو هیوای دروستکردنی هەبووە چونکە من گومانم کرد واتە بیردەکەمەوە ئەگەر بیربکەمەوە لە گومان، هەوڵدان بۆ گومانکردن لە بوونی خۆی دەردەخات. دیکارت لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە: (من بڕوام بە خۆم هێناوە کە هیچ شتێک لە جیهاندا نییە، نە ئاسمان نە زەوی نە گەوهەری بیرکەرەوە ئایا ئەوە ناگەیەنێ کە منیش بوونم نییە؟ نەخێر، ئەگەر بڕوا بێنم بە شتێکی ئاوا بە دڵنیایەوە شەیتانێکی فێڵباز هەیە کە بەئەنقەس من هەڵدەخەڵەتێنێ، با ئەوەندەی لە توانادا هەیە من بخەڵەتێنێ، ئاوا ناتوانێ باوەر بەمن بێنن کە من هیچ نیم، کەواتە هیچ گومان لەوەدا نییەکە من هەم)(دیکارت،٢٠٢٠، ٦٧،٦٦). کۆجیتۆ یەکەم دڵنیاکردنەوەیە، هەروەها پێگەیەکی بەهێزی هەیە لە فەلسەفەی دیکارتدا، چونکە ئەو مەرجی پێویستە بۆ هەموو بیرکردنەوەیەک کە بە ئاگابین، دیکارت ویستن و خەیاڵکردنی ڕاوەستاند. وە هۆکاری ئەو بیرۆکانە بوونەوەریکی ترە لەدەرەوەی خۆی جگە لە خۆی بوونی هەیە(Egiegha, 2009, pp. 11, 14). بیرکردنەوە کردەیەکی خودی مرۆڤە و لەناو خۆیدایە، بەبێ هیچ نێوانبەر دەمانگەیەنێتە ڕاستی خۆ و دەروون و خودا (جەمال، ٢٠١٣، ١٣). بوونی خودی مرۆڤ گرنگە گەر مرۆڤ بوونی نەبێت ناتوانێت گومان بکات. گومانکردن تەنها جۆرێکە لە بیرکردنەوە.

**باسی دووەم:- دڵنیایی بوون لە بونی خوا ( میتافیزیک).**

دیکارت ئاماژە بە وشەی خودا دەکات و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات (مەبەستم لە وشەی خودا، گەوهەرێکی[13] ناکۆتای ئەزەلییە، نەگۆڕە، سەربەخۆیە، زانا بە هەموو شت، من و سەرجەم ئەو شتانەی دروستکردووە کە هەن) (دیکارت،٢٠٢٠، ١٠٦). دیکارت پێی وایە ئێمە بیرۆکەی خودامان هەیە، بیرۆکەیەکی زگماکییە، بەبێ ئەو تێناگەین خودا بونێکی تەواو بی سنورە، ئەو بوونە بە هۆی تەواوی بێ سنورەوە بوونی هەیە. لای دیکارت بوونی خودا لە بیرۆکەی خوا پێویستر و دڵنیایی ترە لە بوونی جەستە و جیهانی دەرەوە، ئەمە ڕاستییەکە ڕوون و سادەیە. کەواتە ئەمە دڵنیایی دووەمە خودا بەدیهێنەری بوون و بیرۆکەیە، بۆ دیکارت متمانە بە ژیرمان لەسەر بنەمای متمانە بە خودا دامەزراوە، بەڵام ئێمە پشتمان بە خودا و

ژیرمان بەستووە، بوونی خودا گرەنتی بەهای بیرۆکەی سادە و ڕوون گەرەنتی بیرۆکەی درێژمێدان و جوڵەیە (کوارية، ٢٠١٤، ٦١،٦٢). دیکارت ئاماژە بەوە دەکات: (لە ڕاستیدا مادام هیچ هۆیەک نابینم بۆ باوەربوون بەوەی خودایەکی بەهەڵەدابەر هەیە، بگرە مادام هێشتا تەماشای ئەو ڕووانەم نەکردووە کە بوونی خودایەک، هەرکێ بێت دەسەلمێنن، ئەوا هۆی ئەو گومانەی تەنها پشت بەم باوەڕە دەبەستن، هۆیەکی زۆر لاواز و میتافیزیکییە، ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت، بەڵام ئەوەی بتوانم بە تەواوی دووری بخەمەوە، پێویستە لەبونی خودایەک بکۆڵمەوە کاتێک دەرفەت بۆ ئەوە دەڕەخسێت، جا ئەگەر بینیم خودایەک هەیە، پێویستە لەوە بکۆڵمەوە ئایا دەکرێت بە هەڵەدابەر بێت، بەبێ زانینی ئەم دوو ڕاستییە، هەرگیز ناتوانم لە هیچ شتێک دڵنیابم، یەکەم شت پلە بە پلە لەو مانایانەی لە زەینمدا دەیبینم بجم بۆ ئەوەی لەوانەیە بیاندۆزمەوە تیایدا، پێویستە ژیری خۆم بۆ چەند پۆلێک دابەش بکەم و سەرنج بدەم، ئاخۆ ڕوودانی ڕاست و هەڵە بەدیاریکراوی لە کام لەو پۆلانەدا دەبینرێت) (دیکارت،٢٠٢٠ ،٩٤).

زانینێکی دیاریکراو سەبارەت بە بوونی خودا پەیوەستە بە زانینی بوونی من وەک بکەری بیرکردنەوە بریتییە لەوەی کە زانستی میتافیزیکی بەدەست بهێنین، دەتوانین گومان لە بوونی شتە مادییەکان بکەین تەنانەت ئەگەر ناچار بین تیۆری شەیتانی فێڵباز بۆ ئەگەری شتێکی لەو جۆرە بناسێنیت (کاپلستون،٢٠٠٨، ١١٥). دیکارت لە کتێبی بنەماکان کە بە میتافۆری درەختی دیکارت ناسراوە و دەڵێت: (فەلسەفە بە تێکڕای وەک درەختێک وایە، ڕەگەکەی میتافیزیکایە قەدەکەی فیزیک و لقەکانی زانستەکانی ترن، کە دەکرێت بە سێ بەشی سەرەکی، بە تایبەتی پزیشکی و میکانیکی و ئاکار) (دیکارت، ٢٠١٦، ٢٦٠). دیکارت پێی وایە هەموو فەلسەفە وەک دارێک وایە کە ڕەگ و ڕیشەی میتافیزیکە. بەلای دیکارتەوە میتافیزیک زانستێکە میتۆدەکەی هەمان میتۆدی بیرکارییە، بگرە لە ناو زانستەکاندا دڵنیاترینە، چونکە لە نێو سەرجەم زانستە مرۆییە پەتییەکاندا لە هەموویان زیاتر دەکرێت بەڵگەی ژیری تێدا بهێنرێتەوە، لەو ڕووەوە بوونی خودا و سروشتی ژیر و ماددە دەکرێت بە وردییەکی بیرکاریانە بسەلمێنرێت (دیکارت،٢٠٢٠ ، ١٦).

لە تێرامانەکاندا دیکارت دەڵێت: (بۆ من نییە گلەیی لە خودا بکەم، کاتێک ئەو منی لەم جیهانە دروستکرد، ئەو نەیدەویست من بکاتە بەرزترین و کامڵترین پێگە، بەڵام بانگێشتی کردم بۆ ڕازیبوون، کە ئەگەر کامڵیم پێ نەبەخشێت ئەوە ڕێگریم لێدەکات لە هەڵە، بە یەکەم هۆکار کە لە سەرەوە پێم ناوە، کە لەسەر زانیاری ڕوونی هەستیاری هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانم خەرجی بکەم لە بەجێهێشتن کە من دەتوانم بە لایەنی کەمەوە ڕێگایەکی تر بگرم، ئەویش ئەوەیە کە سور بم لەسەر خۆ دزینەوە بۆ هەمیشەیی. سەبارەت بە دەربڕینی بیروڕای خۆم لەسەر ئەوشتانەی کە نیشانم نەداوە چونکە هەرچەندە لاوازیەکەم لە ناخی خۆمدا لە بیرکردووەم، بەڵام زۆرجار سەرنەکەوتم لە سنوردارکردنی ژیرم، بە بەردەوامی لە سنوری یەک بیرکردنەودا دەتوانم لەگەڵ درێژبوونەوەدا و پێداچونەوەدا بە تێرامان لە لاپەڕەی یادەوەریمدا هەڵکۆڵین لە نوسینێکی بەهێزدا کە وام لێدەکات لیی جیانەبمەوە هەرکاتێک پێویستت پێی بوو بیرت بێتەوە، بەم شێوەیە دەکرێ من خوی بێ هەڵە پەیدا بکەم، ئەمە گەورەترین کامڵ بوون بوو، بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤ، ئەمڕۆ قازانجی خۆم دەبژێرم بەم بیرکردنەوەیە چونکە هەڵەم ئاشکرا کرد) (دیکارت،٢٠٢٠، ١٣٩). بۆ دیکارت هەڵە هەرگیز بە هۆی خوداوە نییە، بەڵکو بە هۆی کەم و کورتی مرۆڤەوەیە کە دەتوانێ خۆی لێ لابدات، ئەوە هێزی تێگەیشتن نییە کە هەڵەیە ویستی جێ بەجێکردنی بە پەلە لە دەرەوەی سنوری تێگەیشتنی ڕوون و ئاشکرایە (کامل، ٢٠١٣، ١١٧). هەروەک خودی دیکارت لە تێرامانەکاندا دەڵێت:

(ئەگەر چی لەو کاتەوە دەستم داوەتە گومانکردن لەسەرجەم شتەکان تاکو ئێستا، تەنیا بوونی خۆم و بوونی خودا بە دڵنیاییەوە دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاتەوە دەسەڵاتی ناکۆتای خودام بۆ دەرکەوتووە، ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم کە زۆر شتی تری خەڵق کردووە، یان لانی کەم دەتوانێت ئەو شتانە خەڵق بکات، بە شێوەیەک دەکرێت وەک بە شێک لە تەواوی بوونەوەرەکان شوێنێکم لە جیهاندا هەبێت (دیکارت،٢٠٢٠، ١٣٠). لێرەدا بە تەواوی لە گومانەکەی دەردەچێت و بەرەو دڵنیاییەهەنگاوی ناوە. دیکارت دەپرسێت کە (ئاخۆ بە چ شێوەیەک ئەم بیرۆکەیەک دەربارەی خودا بەدەست هێناوە؟ چونکە لە هەستەکانمەوە وەرمنەگرتووە هەرگیز بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو نەخراوەتە بەردەمم، وەک لە بیرۆکەی شتە بەرهەستەکاندا باوە کاتێک ئەو شتانە دەخرێنە ڕوو یان لەبەردەم ئەندامە دەرەکییەکانی هەستمدا دەردەکەون، دیسان داهێنانی ژیرم یان بەرهەمی خۆماڵی خۆم نییە، چونکە ناتوانم هیچی لێ کەم یان زیاد بکەم، کەواتە پاش ئەوە هیچ نامێنێت بوترێت ئەوە نەبێت ئەم بیرۆکەیە لەو کاتەوە خەڵق کراوە کە لەگەڵمدا لەدایک بووە، بەهەمان شێوەی ئەو بیرۆکەیەی لەبارەی خۆمەوە هەمە " (دیکارت،٢٠٢٠، ١١٤). بۆ دیکارت هەڵە هەرگیز بە هۆی خوداوە نییە، بەڵکو بە هۆی کەم و کورتی مرۆڤەوەیە کە دەتوانێ خۆی لێ لابدات، ئەوە هێزی تێگەیشتن نییە کە هەڵەیە ویستی جێ بەجێکردنی بە پەلە لە دەرەوەی سنوری تێگەیشتنی ڕوون و ئاشکرایە (کامل، ٢٠١٣، ١١٧). هەروەها دیکارت باسی توانای خودا دەکات کە ناکرێت فریودەربێت[14] و دەڵێت: (ئەوە لەگەڵ بەخشندەی و میهرەبانی خودادا ناگونجێت کە من بە شێوەیەک دروست بکات بکرێت فریو بدرێم، کە رێگە بدات بکەومە هەڵەوە، بەڵام ناتوانم گومان لەوە بکەم کە ئەمە بە مۆڵەتی ئەو ڕوودەدات) (دیکارت،٢٠٢٠، ٥٦). لێرەدا ئەوە دەبینین کە دیکارت سەرەتا لە سەلماندنی بوونی خوا دەستی پێکرد پاشان بۆ جیهانی دەرەوە، بینی زانینی ئێمە بۆ جیهان بە ناسینی خوداوە دەست پێدەکات.

**باسی سێیەم :- دڵنیایی لە بوونی جیهانی دەرەوە ( سروشت).**

خودا هەیە و بەو کەماڵییەوە دەناسرێتەوە ئێستا دەتوانین بەرەو ڕاستیەکان بڕۆین بۆ سەلماندنی دڵنیایی لە جیهان، کەواتە ئەوەی من دەیدۆزمەوە لە خۆم مەیلی بە هێزەوە بۆ باوەڕبوون بە بوونی جیهان کە سەرچاوەکەی لە خوداوە هەیە و ناتوانێت من فریو بدات بمخاتە ناو دەریای گومان، کاتێک پەلە دەکەم لە بریاردان لەسەر شتەکان پێش ئێستا خواستی من بە ڕۆشنایی ژیر تێر دەبێت. چونکە خواستی مرۆڤ بێسنورە، لە خۆیدا دەیەوێت سنور ببەزێنێت، لە کاتێکدا ژیری مرۆڤ سنورداره، بەڵام یارمەتیم دەدات ڕاستی لە درۆ جیابکەمەوە (آمین,١٩٦٦,٢٢). لە شەشەم تێڕاماندا دیکارت گفتوگۆ لەسەر تەنە دەرەکییەکان دەکات کە تا ئێستا تێروانینەکان وەردەگرین هەندێک جار پێچەوانەی ویستی خۆم بە ناچاری مەیلی ئەوەم هەیە کە بڕوا بەوە بکەم ئەوان لە جەستەی خۆمەوە بۆم هاتووە، چونکە خودا فێڵباز نییە (مەیلی زۆر گەورەم بۆ باوەڕکردن بەوەی ئەوان لە ڕێگەی شتە جەستەییەکان بۆم دەگوازنەوە من نابینن چۆن دەتوانن بەرگری لێبکرێت لە تۆمەتی فێڵ، ئەگەر ئەم بیرۆکانە بەرهەم بهێنرێت لە لایەن هۆکارەکانی تر جگە لە تەنە جەستەییەکان، کەواتە دەبێت ئێمە ڕێگە بدەین تەنە جەستەیەکان بوونیان هەبێت). درێژبوونەوە تایبەتمەندی سەرەکی هەموو ماددە جەستەییەکانە، چونکە ئیمە ناتوانین شێوە یان کردار بەبێ درێژ کردنەوە بهێنینە بەر چاو، بەڵام ئێمە دەتوانین درێژبوونەوە بەبێ شێوە و کردار بدۆزینەوە بیرۆکەی درێژبوونەوە ئەوەندە نزیکە لە بیرۆکەی ماددی جەستەیی کە ئێمە ناتوانین لە بیرۆکەی ئەم ماددەیە تێبگەین جگە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان(Egiegha, 2009, p. 15).

(تەنیا شتە فیزیکییەکان دەتوانن بونیان هەبێت لە ڕاستیدا، ئەوان دەبنە بابەتی شاژنی هەستەکان وە شاژنی خەیاڵ کە خودا لە سروشتی ئێمەدا نیشانی داوە، ئەگەر ئەو بیرۆکەیەی ئەو دوو شاژنە بۆمان دەگوازنەوە لە ئەو شتانەی کە نەهاتوون بونیان هەیە، بوونی ڕاستگۆی خودا فێڵباز دەبوو مەیلی زۆر بە هێزی لای خودا پەیا کردووە بۆ ئەوەی ئەو بیرۆکانە لە لایەن شتە فیزیکییەکانەوە سەرچاوە دەگرن بۆیە نازانم چۆن بێ تاوانی بکەم خەڵەتاندن لە ڕاستیدا ئەمە لە شتێکی ترەوە هاتبێت یان ڕووداوێک بووبێت بۆ نەخۆشی جگە لە شتە جەستەییەکان، ئەو کات دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شتەکان هەیە) (دیکارت ،٢٠٢٠، ١٨١). ئەوەی وای لە دیکارت کرد کە جیهانی دەرەکی بناسێت، هەروەها گرەنتی بنەڕەتی زانینی ئەم جیهانەی پێدا، بۆ دیکارت ناتوانی هیچ شتێک لە دەرەوەی خۆی دابمەزرێنێت، ئەگەر هەست نەکات. ئەوە دەکەوێتە بەر بابەتی خۆی کاتێک هەست بەبێ کۆتایی و نەبوونی سەرچاوەکەی دەکات کە ئافەریدەکردنی خودایە و دامەزرێنەری جیهانە، بە چاودێری ئەو کۆتایی جیهان ڕادەکێشێت بۆ بوون لە هەموو ساتێکی کات و دڵنیایی دەدات. بوونی خودا تەنیا گەرەنتییە بۆ بوونی جیهانی دەرەوە، دیکارت تەنها لە خوداوە دەتوانێت بگەڕێتەوە جیهانی دەرەوە (الغنوشی ،٩٢،٩٣). زانینی دیکارت بۆ بونی خودا بنەمایەکی تر و یاسایەکی نوێ بوو کە لێیەوە دەست دەکات بە دۆزینەوەی جیهانی دەرەوە، ئاگاداربوونی ئەو لە ڕاستی خودا و زانینی تایبەتمەندییەکانی ئەستەم بوو گومان لە هەبوونی شتە مادییەکان بکات، ئەوەی دیکارت لەم بارەیەوە دەیڵێت: (بۆ من ڕاستە بڵێم من پێش ئەوەی خودا بناسم، نەمدەتوانی هیچ شتێکی تر بزانم، ئێستا کە ئەوم ناسی، ئامرازی بەدەستهێنانی زانیاری تەواوم لە بارەی زۆر شت بەدەست هێناوە ئەو زانیاریانەش تەنیا ئەو بابەتانە ناگرێتەوە کە پەیوەندیان بە بابەتی خودا و بابەتە ژیرەوە هەیە، بەڵکو بابەتەکانی تایبەت بە سروشتی بەستەش دەگرێتەوە) (دیکارت،٢٠٢٠، ١٥٨). کاتێک دیکارت شەشەم تێرامان بۆ سەلماندنی جیهانی دەرەوە دەست پێدەکات ئەو بڕیارەی کە لەگەڵ بوونی شتە ماددیەکان دەگونجێت (ئێستا تەنیا پشکنین هەیە بۆ بوونی شتە مادییەکان، دڵنیاییە لەم بوارەدا کە من دەزانم هەبوونی تەنە ماددییەکان دەگونجێن بەوەی کە بابەت دادەبڕێت بۆ ئەندازیار) (دیکارت،٢٠٢٠، ١٦٩). سەرەتا جیهانی دەرەکی لە گومان بەدەر نەبوو، بەڵام لە بابەتی دڵنیایی سێیەم دڵنیایی دیکارت بوو.

**دەرئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە:

١. میتۆد مرۆڤ ئاراستە دەکات بەرەو ڕێگای ڕاست. کۆمەڵێک هەنگاوی ڕێکخراوە، بەشدارە لە جێبەجێکردنی توێژینەوە، میتۆد ئەو ڕێگایەیە کە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات.

٢. میتۆدۆلۆژی بە واتای شێوازی توێژینەوە دێت، کە دەبێتە هۆی سەلماندن یان ڕەتکردنەوەی پەیوەندییەک، بەڵام میتۆدناسی سەرجەم ستراتیژییەکان کۆ دەکاتەوە، شیکردنەوەی داتاکان دەکات و چاککردنی چۆنایەتی توێژینەوە لە خۆ دەگرێت.

٣. گومان ئامرازی ماناوەی توێژینەوەی زانستییە، بەردەوامی زانستە، ئامرازی بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەیە. ئەمەش وا دەکات خودی تاک و توێژینەوەکان هەمیشە لە گەشە سەندندا بێت، چونکە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی گومانەوە درێژە بە

تیۆرییە زانستییەکانی بدات. ئەگەر مرۆڤ پێوەری گومانکردن بەکاربهێنێت دەبێت گومان لە ئەنجامەکانیش بکات. هەروەها دڵنیانەبوون لەسەر بابەتێک ئەمە هانمان دەدات بەرەو گومان.

٤. گومانی ڕەها گومانێکی بنیاتنەر نییە، چونکە گومان دەخاتە سەر تەواوی بابەتەکە و ناگات بە دڵنیایی.

٥. گومانی میتۆدی دروست ئەوەیە کە توێژەر یان هەر کەسێک بە ویستی خۆی گومان بکات، بە مەبەستی پێداچوونەوە و تاقیکردنەوەی زانیارییەکان، توێژەر بە جۆرێک توێژینەوە دەکات وەک بڵێی هیچ نازانێت، ئەمەش وادەکات توێژەر بێلایەن بێت نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ شت و بابەتێک. لێرەدا توێژەر بە گومان توێژینەوە دەکات بە دڵنیایی و مسۆگەری کۆتای دێت.

٦. تیۆری گومان مەودای بەدواداچوونی ورد بۆ بابەتەکە دەرەخسێنێت، بۆیە دیکارت لە بواری میتۆدی گومان ناسراوترین کەسایەتییە. بۆیە گومانی دیکارت بە میتۆدی دادەنرێت چونکە ئامانجی دیاریکراوی هەبوو کە گەیشتن بوو بە دڵنیایی، لێرەدا گومانەکەی نامینێت.

٧. گومانی دیکارت گومانی بنیاتنەرە، دەرئەنجامی ئەزموونی تاکە کەسییە، دیکارت لەبەردەم خۆیدا میراتێکی فەلسەفی و زانستی و ئایینی دۆزییەوە، هیچ شتێکی لەو میراتە نەدۆزییەوە کە ئەزموونی بکاتەوە دڵنیایی بکاتەوە و بڕوای پێ بێنێت بۆیە گومانی کردووە بۆ گەیشتن بە دڵنیایی کە دەورە دراوە بە زانیاری و تیۆری.

٨. دیکارت کەسێکی گوماناوی نییە چونکە گومان نابێتە هۆی ئەوەی من گومان دەکەم کەواتە گوماناویم، ئەگەر گومانەکەی بە شێک بێت لە میتۆدەکەی کە گەیشتنە بەڕاستی و دڵنیایی، پشتی بە میتۆدێک بەستوە کە بناغەکەی گومانە، بنەماکانی زانین خۆی لە خۆیدا ڕێگایەکی گوماناوی نییە.

٩. دیکارت سەرەتا هەستەکان و ژیر و جیهانی دەرەوە دەخاتە ژێر گومان، پاشان هەنگاو دەنێت بۆ دڵنیایی، یەکەم دڵنیایش بوونی خۆیەتی کە بیرکەرەوەیە، پاشان بوونی خودا و جیهانی دەرەوە، لێرەدا سەرەتا گومان لە جیهانی دەرەوە دەکات بەڵام دواتر جیهانی دەرەوە سێیەم دڵنیایی دیکارتە. هەروەها زاڵ بونی بەسەر گوماندا لە ڕێگای دڵنیایی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گومانەکەی واتە گومانێک بۆ ئەوەی گومان نەکەین. گومانەکەی دیکارت گومانێکی ڕەها نییە بە شێوەیەک نەبووە گومان لە هەموو شتێک بکات بەڵکو گومانێکی کاتییە.

١٠. دیکارت بۆیە سەرەتا لە گومانەوە دەست پێدەکات چونکە هەموو زانینەکانی پێش وەخت هەڵبوەشێنینەوە و دووبارە شیانبکەینەوە کە پێشتر وەرمانگرتووە لە سەرەتاوە دەست بە زانینێکی ڕوون و ڕاست بکەین.

**ڕاسپاردەکان:**

١. میتۆد لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا زۆر سودی لێوەردەگیرێت، جیاوازی میتۆد و میتۆدی وانەوتنەوە وەک جیاوازی تیۆری و پراکتیکییە، بۆیە پێویستە ئەم میتۆدە بە پراکتیکی بکرێت.

٢. تویژەر کاتێک توێژینەوە دەکات پێویستە سەرەتا گومان بخاتە سەر تەواوی زانینەکە، ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بە زانینێکی ڕاست و دوور لە هەڵە. بۆ ئەوەی هیچ شتێک بە ڕاستی وەرنەگرین بەڵکو هەمووی بخەینە ژێر پشکنینەوە.

٣. پێویستە گرنگی زیاتر بە بابەتی میتود بدرێت بە تایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندن، بۆ ئەوەی تاکێک بەرهەم بێت کە بتوانێت تەواوی زانیاریەکان بخاتە ژێر پرسیارە و ڕێگاکانی میتۆد بەکاربهێنێت.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم:- پەرتووکەکان زمانی کوردی:**

١. ئەحمەد، سامان حوسێن، ٢٠٢٠، میتۆد و لێکۆڵینەوە، جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٢. حسێن، حسن، ٢٠٢٢، دەروازەیەک بۆ تیۆری زانین، زانکۆی ڕاپەرین، ڕانییە.

٣. ــــ،٢٠١٥، لۆجیکی کۆن و لۆجیکی هاوچەرخ، نارین، هەولێر.

٤. دیکارت، رینیە، و.عومەر عەلی غەفور، ٢٠٢٠، تێرامانەکان، چاپخانەی تاران، دەزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفان، سلێمانی.

٥. ___، و.شاهۆ عوسمان، ٢٠١٥، بنەماکانی فەلسەفە، نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی.

٦.___، و.هاوژینی مەلا ئەمین، ٢٠١٥، باسی میتۆد، نێوەندی ڕۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی.

٧.___،و.حەمید عزیز، ٢٠١٦، سێ تێکستی فەلسەفە، بڵاوکراوەی کتێبخانەی فێربوون، هەولێر.کوردستان-عیراق.

٨. سیوەیلی، رێبوار، ٢٠٠٩، دیکارت و ئەقڵانییەت، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین، دەزگای موکریان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

٩. عزیز، حەمید، ٢٠١١، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا، ناوەندی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٠. لاڤین، ت.ز، ٢٠١٧، لە سوقراتەوە تا سارتەر ، و. ئارام محمود حەحمەد، دەزگای ئایدیا، سلیمانی.

١١. محمد ، ئەحمەد ، ٢٠١٣ ، فەلسەفەی میتۆد، و سەعید کاکی، موکریان، هەولێر.

**پەرتووکەکان بە زمانی عەرەبی:**

١.روس، جاكلين، ٢٠٢٠، المناهج في الفلسفة، ت. عبد العزيز ركح، مركز النماء للبحوث االدراسات، محفوظة المركز، بيروت.

٢. صبری، حسن، ٢٠١١، رواد الشک المنهجی، الناشر الصياء للنشر والتوزيع، دولة الإمارات العربية .

٣. صليبا، جميل، ١٩٨٢، المعجم الفلسفی، دار الكتاب اللبنانی، جزء الثانی، بيروت-لبنان.

٤. عباس، راوية عبد النعم، ١٩٩٦، ديكارت والفلسفة العقلية، دار النهظة العربية، بيروت.

٥. فضل الله، مهدي، ١٩٩٩، جميع الحقوق محفوظة، الدار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الثالثة، بيروت-لوبنان.

٦. الفندى، محمد ثابت، ١٩٨٧، مع الفيلسوف، دار المعرفة الجاميعة، إسكندرية.

٧. كرم، يوسف، ٢٠١٢، تاريخ الفلسفة الحديثة، هنداوى، القاهرة.

٨. كوارية، آلكسندر ، ٢٠١٤، ثلاثة دروس فى ديكارت، ت.يوسف كرم، إدارة الشئون الفنية، القاهرة.

٩. كامل، مجدى، ٢٠١٣، ديكارت، دار الكتاب العربى، ديمشق-القاهرة.

١٠. محمد عثمان الخوشت، مجموعة باحثين، ، ٢٠٢٢، رينية ديكارت، العتبة العباسية المقلية، نجف-عراق.

**پەرتووکەکان بە زمانی فارسی:**

١-كاپلستون، فردريک چارلز، ٢٠٠٨، تاريخ فلسفه از دكارت تا لايبنيتس، ت.غلامرضا اعوانى، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، جاپ پنجم، تهران.

**پەرتوکەکان بە زمانەکانی تر:**

1. Bett, Richard, 2010, ANCIENT SCEPTICISM, CAMBRIDGE, NEW YORK.

2. Descartes, Rene, 1996, Regale para la directions Del spirited, Spain, closas-orcoyen, s.l.poligono igarsa.

3. Greco, John, 2007, putting Skeptics in Their Place, CAMBRIDGE, New York.

4. Nolan, Lawrence, 2016, the Cambridge DESCARTES LEXICON, Cambridge University Press, New York.

5. Russell, Bertrand, 1946, histry of western philosophy, London, book production war economy standard.

**دووەم:- بڵاوکراوەکان:**

**بڵاوکراوەکان بە زمانی کوردی:**

١. جەمال، نەوزاد، ٢٠١٣، کەسیەتی بیرکەرەوە لە دەقدا، دیکارت بە نمونە، هەولێر. www.researchgate.net

**بڵاوکراوەکان بە زمانی عەرەبی:**

١. حباج ضبط ، ا يونيو ٢٠٠٢، حداثة الفكر بين ديكارت و سبينۆزا، مجلة الكرمل (فلسطين)، العدد -٨٨،٨٩، القاهرة.

٢. الغنوشي، عبد المجيد، ١ ينابر، اثبات جديدة الغيربة عند ديكارت و بعض فلاسفة الاسلام آو اضواء جريدة على نظرية المعرفة عند ابن رشد، مجلة حوليات تونسية (تونس)، العدد -١٣، تونس.

٣. آمين، عثمان، يامى ١٩٦٦، ديكارت إمام الفلسفة الحديثة، العربى، الحدد-٩٠، محرم١٣٨٦ هجرى.

٤. الهلالى، محما ، ٢٠٢٠، المناهج فى الفلسفه، ملفات مجلة الحربية_فصلة ٢. رقم الملف-٢.

٥. محمودى، عبد الرشيد الصادق، ١٥ سبتمبر،١٩٨٣، طه حسين و ديكارت، مجلة فصول (مصر) ١٤.

٦. غالى، وائل، شوبات، ١٩٩٦ ، ديكارت الغائب عن طه حسين، مجلة القاهرة، صفحة ٤٧٢.

**بڵاوکراوەکان بە زمانەکانی تر:**

1. Egiegha, Daniel, Ababa, 2009, Descartes's methodical doubt does it a chieve ite aim, Harvard University, www.researchgate.net

---

[1] (méthodus) بریتییە لە وشەیەک کە دەبینین لە دوو وشەی(meta) پێکهاتووە، بە واتای (لەودیو، ئەودیو، ئەوەی بەدوایدا دێت) وشەی (hodos) بە واتای ڕێگا دێت. ئەم وەرگیراوە زمانەوانییانە میتۆد بە واتای ڕێبازی پێشوەختەی دیاری کراوەوە دێت کە دەبێتە هۆی ئەنجامەکە (الهلالی، ٢٠٢٠، ٢).

[2] بابەتێکی تری گومان هەیە کە بە عەرەبی پێی دەوترێت (الظن) کە بە ئینگلیزی (Opinion) و بە فەرەنسی (Opinion) پێدەوترێت، گریمانە کردنی شتێکە باوەڕکردنە بەبێ دڵنیایی، گومان لە زاراوەی فەیلەسوفاندا باوەڕ باڵادەستە لەگەڵ ئەگەری پێچەوانە، لە دڵنیایی و گوماندا بەکاردێت، گوتراوە کە گریمانە یەکێکە لە دوو لایەنی گومان کە تایبەتمەندی باڵادەستی هەیە، لە کتێبی مینۆی پلاتۆندا گریمانە و بۆچوونەکان قبوڵ دەکرێت. ئەم گومانە لەسەر بنەمای دڵنیایی نییە بەڵکو ئەگەری پێچەوانەکان دێتە بەرچاو، ئەگەر ئەگەری پێچەوانەکەیان بخرێتە بەردەم ژیر، وە ژیر قبوڵی نەکات و توانای ئەوەی نەبێت، ئەوا تەنیا گریمانە نییە، بەڵکو باوەڕیکە، کەسی گوماناوی ئەوەیە کە حوکمەکەی جێگای متمانە نییە (صلیبا، ١٩٨٢، ٣٤). ئەم جۆرە گومانە جیاوازە لەگەڵ گومانی (Doubt) ئینگلیزی و (الشک) ی عەرەبی.

[3] دڵنیایی لە زمانی عەرەبی (الیقین) و بە زمانی ئینگلیزی(Certiude, Cerainty) و بە زمانی فەرەنسی (Certitude) پێدەوترێت، دڵنیایی بریتییە لەو باوەڕە پتە و یەکگرتووو و بەردەوامە کە بە گومانی گومانلێکراو ناتوانرێت برەوێنرێتەوە. دۆخێکی دەروونییە لەسەر بنەمای دڵنیاکردنەوەی ڕۆح سەبارەت بە شتێک لە هەمان کاتدا پێی وایە کە فلان و فلانە و ناتوانرێت هیچی تر بێت جگە لە فلان و فلان، دلنیایی پێچەوانەی گومانە (صلیبا، ١٩٨٢، ٥٨٨).

[4] ڕینی دیکارت لە ٣١ مارتی ١٥٩٦ لە بنەماڵەی خانەدانی تورینی ناوچەی (La Haye) هاتۆتە دیناوە. تەمەنی یەک ساڵ بووە دایکی کۆچی دوای کردووە، بەپێی هەل و مەرجی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە لە قوتابخانە ئاینیەکانی "لافلاش" زمانی لاتینی و لاهوت و قانوون و بیرکاری و لۆجیک و فەلسەفەی خوێندووە. دوای ژیانێکی پڕ کێشمە و جەنجاڵ و گەڕان و گەشت و گوزار بەچەند وڵاتێکی ئەوروپادا گەشتی کردووە، لە هۆڵەندا جێگیر بووە بیرو بۆچوون و جیهاندیدەکەی تۆمارکردووە، لە ژیانیدا چەند بەرهەمێکی بە پێزی بڵاو ردۆتەوە:

١.چەند ڕێسا و بنەمایەکی ڕێنمایکردنی ژیر لە ساڵێ "١٦٢٩ز".

٢. دەربارەی میتۆد "١٦٣٧ز".

٣. چەند وردبوونەوەیەک لە میتافیزیک کە تیرامانەکانیشی پێدەوترێت "١٦٤١ز".

٤. بنەڕەتییەکانی فەلسەفە "١٦٤٤ز".

ئەگەر مرۆڤ لە ناوەڕۆکی ئەو چوار بەرهەمە ورد بێتەوە، جیاوازیە هەندەکییەکانی نێوانیان بخاتە لاوە، پوختەکەین لە چوارچێوە گشتییەکە دەکرێت لە سێ خاڵدا کۆ بکرێتەوە: "بیرۆکەی میتۆد و ڕێبازی بیرکاری، کۆجیتۆ و بنەمای دڵنیایی خودی هۆش و هۆشیاری، جیاکردنەوەی گەوهەری بەستە لە دەروون" (عزیز، ٢٠١١، ٧٣،٧٤).

[5] (Cartesianisme) کارتێزیانیزم خۆی سیستەمێکی بیرکردنەوەی ڕوون و پێناسەکراو نییە، هەرچەندە لایەنگرانی بەرگری لە ئۆنتۆلۆژیای ماددەی دیکارت دەکەن، کە بیرکردنەوە گەوهەری ژیرە و درێژکردنەوە گەوهەری جەستەیە، بۆ ناوهێنانی چەند بیروباوەڕێکی سەرەکی دیکارتە، وەک ئەوەی دیکارت باسی کردووە کە خاڵی دەستپێکی هەموو زانیارییەکی دیاریکراو کۆجیتۆیە .(Nolan, 2016, p.86)

[6] بەرامبەر ئەم داڕشتنە چڕو پوختە نووسینی ئەم کتێبە خۆی دەبینێتەوە کە دوای مەرگی دیکارت بڵاو کراوەتەوە. ئەم بەرهەمە بە تەواو نەکراوی ماوەتەوە، دیکارت لە بنەڕەتدا پلانی بۆ داڕشتنی ٢٦ دەستور دانابوو، بەڵام ئەم نووسینە تەنها ٢١ دەستوور لە خۆ دەگرێت، میتۆدۆلۆژیەکەی سەرەتای دیکارت بە زۆری پشت بە ڕوانینی ڕوون و ئاشکرا دەبەستێت، مرۆڤ دەتوانی بە یارمەتی ڕوون و ئاشکرای، ڕاستی سادەترین دەربرینەکانن کە لیی تێدەگەین، بە گوێرەی ئەم میتۆدە کێشە ئالۆزەکان بە چەشنێک دابەش دەکرێت، ئیتر تاکە توخمەکان بە شێوەی ڕوون و ئاشکرا وەک ڕاست شیاوی ناسینەوە بن (جلال، ٢٠٠٨، ٨٥).

[7] سوسەکردن بە واتای (هەستکردن، پەیبردن) دێت.

[8] (Induction) ئیستقرائی: بریتییە لە جوڵانەوەی یان گواستنەوەی هزر لە تایبەتییەوە بۆ گشتی. لە ڕووداوەکانی جیهانەوە بەرەو یاساکان. بەو واتایەی هزر لە ئیندەکشندا هەوڵی ئەوە دەدات بگات بە یاسایەک کە دیاردە تاکەکانی پێ ڕاڤە بکات بگاتە دروستییان. یەکەم فەیلەسوف ئیندەکشنی وەک ئامراز بۆ گەیشتن بە زانینی ڕاست و دروست بەکارهێنابێ ئەرستۆیە، ئەم ئامرازە پشت بە تەماشاکردن دەبەستێت کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە زانینی ڕاستمان دەستکەوێت (حسین، ٢٠١٥، ٧٤).

[9] گومانکردن لە خەونەکان، ناتوانین ڕاستییەکان لە خەونەکان جیابکەینەوە، واتە لای دیکارت هەستەکان و خەونەکان وەک سەرچاوەی زانین جێگای باوەڕنین، بۆیە دەکەوێتە بەر شەپۆلی گومان (حسین، ٢٠٢٢، ٥٢،٥٣).

[10] شەیتان گریمانەیەکە گومان دەخاتە ڕوو، ئەگەری ئەوەی ئەهریمەنێکی خەڵەتێنەر هەبێت و ئەو تێگەیشتنانەی لە هزری ئێمەدا هەیە ئەو دروستیکردبێت بۆ خەڵەتاندنمان و بیەوێت وەک ڕاستی نیشانمانبدات. ئەم گریمانەیە دوای ئەوە دێت کە گومان لە بوونی هەموو شتێک دەکرێت زانینی هەستەکی دەکرێتە شوێنی گومان (دیکارت، ٢٠١٥، ٣٤١).

[11] کۆجیتۆ: "I think, therefore I am" وتەی بەناوبانگی دیکارتە.گرنگی زانستی کۆجیتۆ بریارە لە پێگەی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، یەکەمین و دڵنیاترین شتە کە بەرنامەی گومانی میتۆدی لە خۆدەگرێت. هەرچەندی کۆجیتۆی دیکاری بەناوبانگە لە مێژوودا،

---

sjh@univsul.edu.iq

بەڵام دەتوانین بڵێین یەکەم کەس نییە کە بەکاری هێناوە. ئۆگستین بابەتێکی هاوشێوە پێشکەش دەکات "ئەگەر هەڵە بم، بوونم هەیە" (Nolan, 2016, p.129,128) "If I am mistaken, I exist" ( Si fallor, sum).

(12) بیر یان بیرکردنەوە: کاری ژیرە، ژیر سێ جۆر کاردەکات: وێناکردنی شتەکان و دروستکردنی بیرۆکەی گونجاو لەبارەیانەوە. دروستکردنی هەستێکی دیاریکراو لە بارەی هەموو ئەو شتانەوە کە بیرۆکەیەکی هەیە لە بارەیەوە. بڕیاردان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شتەکان و ئەو بیرۆکەیەی لە بارەیەوە هەیە (دیکارت، ٢٠١٥، ٣٤٢).

(13) گەوهەر بە زمانی عەرەبی (الجوهر) بە زمانی ئینگلیزی (Substance) و بە زمانی فەرەنسی (Substance) پێدەوترێت. گەوهەری هەموو شتێک ئەوەیە کە سروشتی خۆی لەسەر دروست بوو. بە بڕوای دیکارت گەوهەر ئەو شتەیە هەمیشەیی و جێگرییە کە ڕوودانی سیفەتە دژبەیەکەیان لەسەری قبوڵ دەکات، بەبێ گۆڕانکاری وەک ڕەنگ، دەنگ، بۆن و نەرمی و تام و ساردی لەسەر پارچە مۆمێک ڕوودەدات ئەمانە گۆڕانکاری نیشانەکانن (صليبا، ١٩٨٢، ٤٢٤).

(14) ڕاستگۆی خودا ئەمە چەمکێکە ئەوە دەکەیەنێت کە خودا خەڵەتێنەر و فریودەر نییە، ناشێت شتێک من بە ڕوونی بیزانم ئەو بەهەڵەمدا بەرێت، ڕاستگۆی خودا ڕاستی زانینە دروستەکانی ئێمە گرەنتی دەکات (دیکارت، ٢٠١٥، ٣٤٢).

## مفهوم الطريقة في فلسفة ديكارت


**ملخص البحث**

حاولت هذه الورقة شرح المنهج في فلسفة ديكارت. استخدم ديكارت الشك لمراجعة المعلومات والابتعاد عن الشك للوصول إلى المعرفة. شكه واضح وصريح، وهو حالة ذهنية يوجه الفكر ويشك فيه حتى يصل إلى الحقيقة. يبدأ هذا النوع من الشك بالشك وينتهي باليقين. من وجهة نظر ديكارت، كان المنهج الذي استخدموه هو الشك، ولكنه شك مؤقت . لم يكن شكًا مطلقا ، يهدف إلى الوصول إلى اليقين، ليس من أجل الشك، بل من أجل ما بعد الشك. وهو اليقين، وإلى المعرفة الحقيقية. وضع ديكارت أربعة قوانين لـ... اتباع هذه القوانين وتحقيقها هو: قانون اليقين، وقانون التحليل، وقانون الصياغة والتفسير، وقانون المراجعة أو الإحصاء (هذه القوانين الأربعة مستمدة من روح العلوم الرياضية اي الرياضيات ). يرفض هذا التعريف الغموض، وهو المنهج الذي أراد ديكارت دراسته منهجيًا .وجه المنطق: من الممكن الشك في كل ما قبلناه دائمًا كحقيقة، أولًا وقبل كل شيء.يشك ديكارت في الحواس والعقل والعالم الخارجي، ثم يتجه نحو اليقين، بناءً عليه.إنه مبدأ مفاده أن كل شك مُدرَك يجب رفضه من خلال التفكير. عندما شك ديكارت في وجوده، أراد اثبات وجوده و هو المعروف باسم كوجيتو و إثبات وجود الله.يُمثل وجود العالم الخارجي بثلاث يقينيات الإطار العام الأمثل لشرح فلسفة ديكارت في ضبط النفس.أصبح في نهاية المطاف أساس الفلسفة الحديثة. كان لمنهجه تأثير دائم.كانت لديه فلسفة ومنهج علميان


**الكلمات المفتاحية**: ديكارت، المنهج، الشك، المعرفة، إلخ.

sjh@univsul.edu.iq

# Interpretation of the concept of method in Descartes' philosophy


## Abstract

This study analyses methods in Descartes' philosophy. Descartes used the concept of doubt for his method for the sake of reviewing information and avoiding doubt in order to arrive at true and clear knowledge and wise cleansing of errors dispersion. His doubt is an intellectual scenario that directs thoughts; he utilizes so much doubt until it reaches the truth. This kind of doubt begins with doubt and ends with certainty. In Descartes' view, the method they used was doubt but it was not an absolute doubt, rather a temporary doubt so that they reach certainty. Descartes sets four laws for doubt, which is certainty and true knowledge, following and achieving the truth of these laws are the law of certainty, the law of analysis, the law of drafting-interpretation, the laws of review or statistics. These four laws are derived from the spirit of mathematical science that rejects vague identification. The method that Descartes wants to investigate systematically is that logically everything can be doubted, something that we have always accepted as truth. First, Descartes doubts the senses, the intellect, and the external world, then towards Certainty proceeds on the principle that all perceived doubt must be rejected by thought. When Descartes doubted his existence, he wanted to prove the existence of God. That is to say, the existence of the outside world is the three assurances of the general framework to include the details of Cartesian philosophy that finally became the foundation of modern philosophy. His approach has had a lasting impact on philosophy and scientific method.


**Key words:** Descartes, Method, Doubt, Knowledge

sjh@univsul.edu.iq